

# خەونمان بۆ زستان دی

ئەیاد عەزیز سورمێ

کردوویە بە کوردی

چاپی یەکەم 2018

# خەونمان بۆ زستان دی

## شیعر لە ئەدەبیاتی بێگانەوە

هەڵبژاردن و وەرگێڕانی



چاپی یەکەم 2018

- خەونمان بۆ زستان دی
- شیعر لە ئەدەبیاتی بێگانەوە
- هەڵبژاردن و وەرگێڕانی : نەژاد عزیز سورمێ
- بەرگ: وەرگێڕ
- کاری کۆمپیوتەر : کاروان محەمەد سینۆ
- چاپی یەکەم- 2018
- چاپخانە : تاران
- ژمارەی سپاردن لە کتێبخانەی گشتیی کوردستان (667 ساڵی2018 )
- نرخ 2000 دینار

# ئاماژە

جارێکی دیش ، لەگەڵ چەند دەقێکی شیعریی وەرگێڕدراو پێک دەگەینەوە.
ئەمە دەبێتە پێنجەمین کۆمەڵەی هەڵبژاردەی ئەدەبیاتی بێگانە دوای ( *نووستوی بەر باران* ) چاپی یەکەم 1980 ـ بەغدا ، چاپی دووەم 2005 ـ هەولێر و ( *شوانی بۆشایی* ) 2010 ـ دهۆک و (*چەند نامەیەک بۆ تارانتابابۆ* ) قەسیدەیەکی مەلحەمی نازم حیکمەت کە سێ جار چاپ کراوەتەوە و ( *سترانبێژی شەقام* ) 2016 .
لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە : وەرگێڕانی ئەم هەڵبژاردەیەش بێ پێشینە بووە ، واتە تێکستەکان لە خۆیاندا ئەنگیزە بوون ، پاش خوێندنەوەیان خوولیای کارلێکردنیان دایساوە.
دیارە پێم خۆش دەبێ ئەگەر لە وەرگێڕانیاندا توانیبێتم ڕۆح و دونیابینی شاعیرەکان و شیعرییەتی تێکستەکان بپارێزم .



تەمووزی 2018

# یا خۆت دەکوژی
# یان گۆرانی دەچڕی

**( جارێکی دی - لاندای- ژنانی ئەفغانستان )[*]**

هەستی ژنان تایبەتایەتی خۆی هەیە ، ژنان چەندی دەرگای ئازادیان لێ دابخرێ ، هەوڵ دەدەن لە ناوەوە ، لە ناخیاندا قەرەبووی بکەنەوە. ئەم شیعرانەی ژنانی ئەفغانستان نموونەی زیندوون لەم ڕاستەدا کە بە ( لاندای ) ناسراون. ئەمانە ئەو شیعرە بێ خاوەنانەن ، مەحروومییەتی ئافرەتانی ئەفغانستان بەوپەڕی جورئەتەوە دەردەبڕن. زایەڵەی دەنگە کپکراوەکان و ڕەنگە نەدیتراوەکانی ژنانی پشتۆنن لە بەرامبەر پیاوسالاری و ستەمکاریی و تاریکپەرستایەتی کە هەموو سنوورێکیان تێپەڕاندوە ..

( لانــدای ) له كــۆپلەی گــۆرانی دەچــن ، ڕەنــگە هەنـدێكیان سـەروا ، تەنـانەت كێشیشـیان نەبـێ ، بەڵام ئـاهەنگێكی دڵنشـین و بـاڵكێش و سەرنجڕاكێشـیان لە ناوەوەدا هەیە ..

وتم بێ خاوەن ، ئەوە لەوە ڕاهـاتووە كە ئەم چەشنە شــیعرانە خــاوەنێكی دیاریــان نییــە ، لــێ ئەوەی تایبەتایەتی پێ بەخشیون تەنیا ژنـان دەیچـڕن و وەك لە هەنـدێ سـەرچاوە باسـی دەكـرێ ئەم سـتایلە بـۆ پیاوان بە (عەیبە !) دەبینرێ !

لەو شیعرانە تێیاندایە لە بەیتە فۆلكلۆرییەكانی كورد دەچـن ، بەتـایبەتی ئەو بەیتـانەی ڕاشـكاوانە دیمەنـی ئیرۆتیكایان لێ بەدەردەكەوێ .

لە بنەڕەتیشدا (لاندای) لە نێوان 9 بڕگە و 13 بڕگە دایە ، هـاواری ژنـانی پشـتۆنییە لە ئەفغانسـتان كە بە نهێنــی وەك ئــاگری نــاو پــووش بڵاودەبـنەوە ، ئەو ژنــانەی هەمیشــە خەون بە گەڕانەوە بــۆ دێهــاتە شاخاوی و كانییە زوڵاڵەكانییان دەبینن..

ئەوان كە لە ژێـر دەسـەڵاتێكی كۆنەخـواز و تاریكـدا وەك كۆیلە لە زینـدانی ماڵەوە پەستراون ، یا دەبێ خۆیان بكوژن یان گۆرانی بچڕن .

**وەرگێڕ**

(1)

گەر خۆشەویستەکەم مرد
با من ببم بە کفنی
بەم جۆرە پێکەوە
هاوسەرگیریی لەگەڵ خۆڵەمێشدا دەکەین .

(2)

بڕۆ خۆشەویستم
لە کابوول بەشەڕێ
لە پێناوی تۆدا
دەم و جەستەم بە پاکی دەهێڵمەوە .

(3)

ئەی خاک !
باجی تۆ قورسە
لاوان هەڵدەلووشی و
پێخەفان بە چۆڵی دێڵییەوە.

(4)

گولەی پیس!
دەست دە تفەنگێ و بمکوژە !
تا لە ژیاندا بمێنم
هەرگیز واز لە خۆشەویستەکەم ناهێنم .

(5)

خوایە
ماڵی ئەوە بسووتێنە
ماڵی وێران کردم ..
ئەوەی مەرگی هێنامە پێش .

(6)

گوڵێکم لە دەستە سیس دەبێ
من نازانم
لەم خاکە غەریبەدا بیدەم بە کێ ؟

(7)

ئینجا با مەلا بانگی بەیانی بدا
من هەڵناستم
مادەم خۆشەویستم دەیەوێم .

(8)

پڕ بە چنگی خۆت گوڵ بچنە
من باخێکم
تۆ خاوەنیت .

(9)

ئەی خودای مەزنی نەفیکراوان
تاکەی ژیان
بەسەر ئەم گردە
ڕەق و ڕووتەنانەوە ؟

(10)

بە چیایان لێک دوورین
تەنیا چۆلەکە پەیامهێنەرمانن
جریوەیان ڕێنیشاندەر .

(11)

یا دەبێ
هەمیشە بەسەر سنگمەوە بی
دەنا باشتر وایە
لە باوەشی تاریکی زەوی دا بی .

(12)

ئامێزم بە توندی تێوەرمەهێنە !

سبەینێ ،

بۆنی گەردانەکەم

نهێنیمان دەدرکێنێ .

(13)

بمزانیایە

تا وەختی شەڕ

دەستی خۆشەویستەکەمم دەگرت .

(14)

خۆشەویستم

ناتوانم لەو ماڵەت زیاتر

بەدیاری بدەمێ

لە قووڵایی دڵمدا هەڵت ناوە .

(15)

دەمت خواردم !
بێ ئەوەی تینوویەتیت بشکێ
گێلە سواری پشتی خۆتم بکە ..
من ئامادەم
ڕەدووت کەوم .

(16)

کەڵەشێری نەفرەت لێکراو
سەرت دەبڕم
چوون ئەگەر تۆ
بانگت نەدابووایە
خۆشەویستم لە باوەشم دەمایەوە .

(17)

خەڵكی خۆیان
بە جل و بەرگی نوێی جەژن بادەدەن
لێ من بەو پۆشاكەی
بۆنی دۆستمی لێ دێ .

(18)

خۆشەویستم تۆ بەختەوەر بە
من بایەخ بە خەمان دەدەم
دڵی من بەدبەختی دەناسێ
هەرگیز ناتەقێ .

(19)

خۆشەویستم دەستی لە گەردن كردم
لەوانەیە بە ڕووتی بڕۆم
بەڵام چركەیەك چییە
هەنگاوێك بێ گەردانە ناوێم .

(20)

وەرە خۆت لێ بسووم
لە باوەشت بگرم
من شنەبای ئێوارانم
پێش سپێدە گیان دەسپێرێ .

(21)

دوێنێ شەو
خەونم بە شتێکەوە بینی ، بووە
دڵخوازی ترسنۆکم
بە نوێژی نیوەڕۆیێ لە ئامێزی گرتم .

(22)

خۆشەویستم !

خۆت باوێ سەر پێخەفەکەم

لە هیچ مەترسە

ئەگەر شکا

(گولە) لێرەیە چاکی دەکاتەوە .

(23)

خۆشەویستم پەلە بکە !

دەست بەسەرئەشکەوتەکەدا  بگرە

گرەوم لەگەڵ کچانی گوند

لەسەر کردووی .

(24)

خودایە !

مەهێڵە ژنێک لە مەنفادا بمرێ

لە دوا هەناسەدا

ناوی تۆی لەبیر دەچێتەوە

تەنیا بیر لە زێدی خۆی دەکاتەوە .

(25)

دڵم پێی وتم

من بۆ هیچ دەست نادەم

ئەوە چاون

بینییان

وایان لێ کردم عاشق بم .

(26)

لە باوەشتدا تێکم مەشکێنە !

چرۆی مەمکانم

بە ئێشێکی نەرمەوە دەلەرزن .

(27)

ئەوەتا گەورەم دیسان لێرەیە ..
شەوی درێژی خەمبارت
جارێکی دی
گولەی چەپەڵ
لێرە .. دەنوێ .

(28)

کە دێیە لامان خۆشەویستم
گولەی پیس توورە دەبێ
دوای ئەمجارە نەیەیەوە
من لە درزی دەرگاوە
دەممت دەدەمێ .

(29)

من دڵداری دەکەم
دڵداری دەکەم و
خۆشەویستیم ناشارمەوە و
نکۆڵی لێ ناکەم
تەنانەت ئەگەر هەموو خاڵەکانیشم
بە چەقۆ هەڵکەنن .

(30)

دەمم هی تۆیە
بیمژە مەترسە
شەکر نییە بتوێتەوە .

(31)
ئای خۆشەویستم
گەر لە باوەشی مندا
بەو جۆرە بلەرزی ..
کە شمشێر دەوەشێنرێن و
هەزار چەخماخە دەپڕژێنن
چ دەکەی؟
(32)
شەوان
بانیژە تاریکە و
جێوبالنگان زۆر
خرینگەی بازنەکانم خۆشەویستم
ڕێی منت پێشان دەدەن .

(33)

دڵدارەکەم هیندۆسییە
من ئیسلام
لە پێناوی خۆشەویستی
پەیژەی پەرستگای قەدەغە
گەسک دەدەم .

(34)

ئەگەر وەنەوز بتباتەوە
لە تۆز و گەردت زیاتر دەست ناکەوێ
من لای ئەوانە داواکراوم
تا بەیانی
شەونخۆنیم لەگەڵ دەگرن .

(35)

با ئەو تاوێرە
بەگرانی خۆی
پانم بکاتەوە
بەڵام هەرگیز
دەستی مێردێکی پیر ناگرم .

(36)

خۆشەویستم خێراکە !
دەمەوێ لێوەکانمت پێ ببەخشم
مەرگ لە گوندیدا دەسوورێتەوە
نەبادا بتبا .

(37)

ئەی بەهار !
دار هەنار گوڵی دەرکردووە
من لە باخچەی خۆمدا
هەناری سنگم
بۆ خۆشەویستی دوورم هەڵدەگرم .

(38)

لەپێشدا ئامێزم تێوەرێنە ، بۆ من بە !
پاشان دەتوانی
بە دەوری ڕانە مەخمەرییەکانم
بخوولێیتەوە .

(39)

تەمەننا دەکەم
داوەتی ماڵێمان بکرێ
تا لێوی تەڕی خۆمی بدەمێ .

(40)

گەر نەتدەزانی دڵداری بکەی
دڵی نووستوومت
بۆ بێدار کردەوە ؟

(41)

نیوە شەو داهات
تۆ هێشتا نەهاتووی
پێخەفم گریان گرتووە
دەمسووتێنن .

(42)

وەرە خۆشەویستم خێراکە!
ئەسپە بڕ زەردەکەی دڵم تێرکە
جڵەو ماندووی کردووە .

(43)

خوا هەموو چەشەیەکت لە سەفەرێ
لێ حەرام کا
ئەی ئەوەی
بەجێت هێشتم و
مەحروومت کردم لە چەشە .

(44)

جوانم و لە تەکتدام
باوەشت بۆ دەکەمەوە و
دەممت دەدەمێ
تۆیش وەک ترسنۆکان
خەو دەتباتەوە .

(45)

دەستەخوشکەکانم ،
خۆشەویستییەکی نوێ دەچنن
منیش خەرقەی حەزێکی کۆن
پینە دەکەم .

(46)

خۆت بکە بە سواڵکەر
خۆت بکە بە گێل و
وەرە ژوانی من
کەس ناتوانێ
ڕێ لە دینداریکی وێڵ بگرێ .

(47)

وەرە ماچم کە !
گوێ بە هیچ مەترسییەک مەدە ..
دەتکوژن ؟
ئەوانە کێن ؟
لەو مەرگە خۆشتر
پیاوان فیدای
چاوجوانان بن .

(48)

گەر گەرمایی باوەشی منت دەوێ
ژیانت بخەرە مەترسییەوە
ئەوەی دەیەوێ
سەری خۆی بپارێزێ
ئامێز لە تۆز و خۆڵ وەردێنێ
نەک خۆشەویستی .

(49)

ئەگەر دۆستێکی پیر بگری
شەو
بە کێشانی نەخشەی پڕۆژان
بەسەر دەبا
لەگەڵ گەردی بەیانیشدا
بە کەڵ دەبێ .

(50)

هەیە سوێی دەبێتەوە
چرکەیەک بمبینێ ..
هەیشە لەسەر جێ بەرم دەداتەوە
بە بیانووی ئەوەی خەوی دێ .

(51)

بە خەندەیەکم سەرخۆش دەبی
داخۆ ئەگەر دەممت بدەمێ
چیت لێ دێ ؟

(52)

کەڵەشێر بانگت دواخە !

من ئەوەتا تازە

چوومەتە ئامێزی خۆشەویستەکەم .

(53)

باوەشم دە !

لە ئامێزێم وەربێنە

پاشان ڕووت وەرگێڕە و

هەموو خاڵەکانم یەک یەک ماچ کە!

(54)

قەدەر مێردێکی مناڵی پێ بەخشیم

مناڵێک چاوم لێی بێ

بەڵام خودایە

کە گەورە و بەهێز دەبێ

من پیر و کەنەفت دەبم .

(55)

ئەی ئادەمیزادە دڵڕەقەکان !
دەبینن پیرێک
ڕامدەکێشێتە سەر پێخەفەکەی
کەچی دەپرسن
بۆچی دەگریم و
پرچم دەڕنمەوە .

(56)

خودایە !
شەوێکی تاریکی دیم پێ ببەخشە
ئەوە دیسان
لەسەر پەنجەی پێیەکانم
وەستاوم دەلەرزم
چوون ناچار کراوم
بچمە سەر جێیەک ڕقم لێیەتی .

(57)

دوێنیَ شەو
لە باڵ خۆشەویستەکەم بووم
ئای لەو ویساڵەی دووبارە نابێتەوە
وەک خرینگەی ئاڵتون
تا شەو تەواو بوو
لە باوەشیدا دەنگم دەدایەوە .

(58)

خۆشەویستم لێم نزیک بەوە !
گەر لە شەرمان ناتوانی
دەستم بۆ بێنی
من ڕاتدەکێشمە باوەشم .

(59)

وەرە ماچم کە .. باکت نەبێ !
گەر کوشتیانی گرینگ نییە
پیاوە ڕاستینەکان
هەمیشە لە پێناوی حەزێکی جوان
شەهید دەبن .

(60)

بە زامی تفەنگێکی دۆزەخییەوە
گەڕایەوە
برینەکانت تیمار دەکەم و
لێوەکانمت دەدەمێ .

(61)

خۆشەویستم ، چیاکان
لە ئالی دین
بە دیقەت بڕوانە مانگ !
دەمبینی
بەسەربانەوە چاوەڕێتم .

(62)

ببە بە مریدی باوکم
ئەو وانەت دەدا
منیش ژیانت فێردەکەم .

(63)

پرچم کرد بە کەزی

بەڵام کرانەوە ..

بێگومان ئەمە نیشانەیە

خۆشەویستم کە ئێستا لە سەفەرێیە

مەترسییەکی هاتووەتە پێش

خوایە بیپارێزی !

(64)

کە بە نیگایەکی مەست لێت دەڕوانم

لە چرکەیەکدا دەبیتە خۆڵەمێش .

(65)

بە خەندەیەکم سەرخۆش بووی

گەر لێوەکانمت بدەمێ

شێت دەبی .

(66)

پرچی سەر هەنیەم لادە و
خاڵی درەوشاوەم ماچ کە !
میوەی بەهەشتە
بە درێژایی ژیان
مۆری بەختە .

(67)

خودایە چیم لێ دەکەی !؟
هی دی گوڵی پشکووتوون
کەچی منت
بە چرۆیی هێشتووەتەوە .

(68)

لە بەدبەختی خۆی
دوێنێ شەو نەهات
بەدرێژایی شەو بە تەنێ بووم
لە سەربان وەستابووم .

(69)

پاڵ کەوتووم
دەمەوێ لە ئامێزی بگرم
بەڵام خۆشەویستم
ترسی هەیە
(گولەی پیس) بێدار بێتەوە .

(70)

بەهار داهات
گەڵا بەسەر قەدانەوە
شین دەبن ..
لێ لە وڵاتی مندا
درەخت قەدیان
لەژێر لێزمەی گوللەی
دژمناندا ون کردووە .

(71)

خودایە دەتوانی هەر لە ئێستاوە
کوێرم بکەی
خۆشەویستم ڕۆیی
نامەوێ سیمای ئەوانی دی ببینم .

(72)

خوشکینە!
لە دووان کامیان هەڵبژێرم ؟
پرسە و مەنفا
پێکەوە دێنە ماڵم .

(73)

(گولەی پیس) هیچ ناکا
نە خۆشەویستی ، نە شەڕ
ئێواران کە سکی پڕ دەکا ، ڕادەکشێ
تا بەیانی پرخە پرخیەتی .

(74)

چۆن بەو مانگەشەوە هاتی
تۆ وەک دار چنار بڵندی
لە کوێندەرێت بشارمەوە .

(75)

وەرە خۆشەویستم !
بە سنگمەوەت بنێم
من ڕووەکی لاولاوی خاوم
ئەوەی بەم زووانە
پاییز دەیبا .

(76)

خودایە
گەنجییەتیم بێهوودە چوو !
پیاوی قۆز و سەنگین
لە پێناوی مندا دەجەنگن
بووم بە بکوژیش !

(77)

باوکە

منت فرۆشتە پیاوێکی پیر

خوا ماڵت کاول کا

خۆ من کچی تۆ بووم .

(78)

خوشکان کە پێکەوە دادەنیشن

هەمیشە ستایشی براکانیان دەکەن

براکان کە پێکەوە دەبن

خوشکیان دەفرۆشنە ئەوانی دی .

(79)

خوا تاڵیبان و شەڕەکانییان لەناو با
کە ژنانی ئەفغانستانیان
کردە بێوەژن و لەشفرۆش .

(80)

خوا کۆشکی سپی بڕوخێنێ
ئەو پیاوە لە بێن بەرێ
موشەکی ئاراستەکراوی نارد
وڵاتەکەم بسووتێنێ .

(81)

بوش
بە ئۆتۆمبێلە گوللەنەبڕەکەت مەنازە !
بۆمبای ئاراستەکراوی من
لە دوورەوە دەیتەقێنێتەوە و
پارچە پارچەی دەکا .

(82)

دەستت باوێ ناو کراسەکەم

یاری بەو هەنارە سوورەی بکە

لە هەناری قەندەهارێ (*)

---

(*) ماوەیەک لەمەوبەر (20) پارچەی دیکەم لەم شیعرانە بە پێشەکییەکی کورتەوە بڵاوکردەوە بەم هەشتا و ئەوەندەی ئێرە دەگاتە ئەوەی لە سەت پارچە تێبپەڕێ ، کە لە سەرچاوەی جیاجیاوە کراون بە کوردی – بە نموونە سەیری ئەم سەرچاوانەی خوارەوە بکە:

1- http://ourerotic.blogspot.com/2014/04/blog-post_6.html

2- http://thaqafat.com/2016/04/30956

## شاعیری گریکی سیفیریس

(1)

### شیعر

چیترم ناوێ
لەوە بەدەر بە سادەیی بدوێم
جگە لەوەی
ئەم نیعمەتەم پێ ببەخشرێ ..
چوون ئێمە سترانمان ،
بە چەندان جوور مۆسیقا
قورس کردووە
وردە وردە خەریکە نقووم دەبێ ..
هونەرمان ،
بەو هەموو خشڵە ڕازاندووەتەوە
دەم و چاوی بخوا

وەختی هاتووە
وشەی کەم بڵێین
چونکە بەیانی ڕۆحمان
چارۆگەکانی بڵاودەکاتەوە .

## (2)
## چەند ڕۆژێک لە حوزەیراندا 41 (*)

ئەوەتا ئێستا مانگێکی نوێ
شەوقی دایەوە
دوورگەی دێرینی جوانی لە باوەشدا
زامدار ، خوێنی لەبەر دەڕوا ..
دوورگە هێمنە
دوورگە بەهێزە ، پاکە ..
جەستەیش
وێنەی قەدی تێکشکاو
ڕەگ و ڕیشەی هەڵکێشراون .

---

(*)شاعیر ئەم قەسیدەیەی دوای داگیرکردنی دوورگەی (کرێت) ساڵی 1941 لەلایەن ئەڵمانەکانەوە نووسیوە.

## مرۆڤ کە سێبەریان دزی (3)

سێبەری دارانت لێ دەستێنن ،
لێت دەستێنن ..
سێبەری دەریات لێ دەستێنن ،
لێت دەستێنن ..
سێبەری دڵت لێ دەستێنن ،
لێت دەستێنن ..
سێبەری خۆتت لێ دەستێنن .
5/3/1947

## (2)
## فیلۆکتیتس ( * )

جەستەیەکی خوێناوی ..
وڵات خوێناوی ..
سەردەم خوێناوی ..

---

( * ) فیلۆکتیتس – قارەمانێکی ئەلیادەی هۆمیرۆسە

**یۆرگۆس سیفیریس** ، یەکەمین شاعیری گریکە نۆبلی ئەدەبیاتی وەرگرتووە ( ساڵی 1963). سیفریس 1900/2/29 لە شاری ئیزمیر لە خانەوادەیەکی ڕۆشنفکر کە بایەخیان بە ئەدەبیات داوە لە دایک بووە. باوکی مامۆستای زانستگە و لە هەمان کاتدا شاعیرێکی لیریکی و وەرگێڕیش بووە.
سیفیریس لە نێوان ساڵانی 1918 – 1924 لە پاریس بووە ، هەر لەوێش بڕوانامەی لە کۆلیجی ماف وەرگرتووە و لە هەمان کاتدا بایەخی بە ئەدەبیاتی فەڕەنسی داوە . ساڵی 1960 زانستگەی کامبریج نازناوی دکتۆرای لە ئەدەب پێداوە و پاشان چەندان خەڵاتی دیکەی وەرگرتووە تا ساڵی 1963 کە نۆبلی ئەدەبیاتی بردووەتەوە .

**شاعیری ئەرمەنی بارویر سیفاک**

(1)

## باشترین

باشترین خەندە بێگومان
خەندەی بە چاوی داخراوە .
باشترین خەون
ئەو خەونانەن
بە چاوی کراوەوەن ..
بەڵام باشترین ستران
ئەو سترانەیە
لە دوورەوە
بە پەنجەرەی کراوەدا دێ ..

ڕەوانترین گوتنیش
ئەوانەن
لە ماتییەکی بێدەنگدا دەردەبڕێن ..
لەوانەیە باشترین گەلیش
ئەو گەلە بێ
ئیمپڕاتۆرییەتێکی پەلهاوێشتووی نییە
باشترین بڕوایش
ئەو بڕوایەیە ،
نابێتە دین .
باشترین ڕووپۆشیش بێگومان
ڕووی مرۆڤە .
باشترین نواندنیش
نواندنی سەرنەکەوتووە .
باشترین خۆشەویستیش
ئەو خۆشەویستییەیە
هێشتا پێنەگەیوە .
باشترین ئەشکەنجە و ئازاریش
ئەشکەنجەی گوڵە لە گۆرانییاندا .

باشترین مەیموونیش لە جیهاندا
وادیارە – مرۆڤە .
باشترین مرۆڤیش
ڕێگەم بدەن بڵێم منم .

# من لاستیک نیم[2] - من کاغەزم

ئای بەداخەوە
من لاستیک نیم ،
تا لێکم بکێشییەوە .. درێژ ببمەوە ..
پاشان وازم لێ بێنی
وەکو خۆم لێبێتەوە
یان دامبنێی
جارێکی دی
دوای ئەوەی فڕێم دەدەی
بێمەوە سەر شێوەی پێشووم ..
ڕاستیی
من وەکو کاغەز وام
ئەگەر ڕامبکێشی ، دەمدڕێنی
گەر لوولیشم بدەی ، کۆتاییم دێ .

هیچ ئوتوویەک
وەکو خۆیم لێ ناکاتەوە
نامگەڕێنێتەوە سەر شێوەی پێشووم .
ژیان شوێنەواری
بە سەرمدا جێهێشتووە ..
جێم مەهێڵە !
وەک ئەوەی پیتیش
کاغەزی چاپکراو جێناهێڵن .

(3)

## بێ ئەستار

من بە کرێگیراوی شادیم
فرۆشیاری بەرفراوانی خۆشی ..
دووکانێکم هەیە
دەرگای بۆ قاقای پێکەنین
لەسەر پشتە ..
دووکانێکی نیوە داخراویشم
بۆ فرۆتنی خەندە هەیە
بەڵام لەپی دەست و
هەر دە پەنجەم
بەختەوەری دەگوازنەوە
دەمم
ژووری خوێندنەوەی خۆشەویستییە
پێیەکانم ،

ئۆتۆمبیلن
بۆ ژوانێم دەبەن .
لێ دەستەکانم
هۆی زیرەکن بۆ ئامێزگرتن ..
سنگم تابلۆی مەدالیایەکە
مەدالیایەک .. ناوی دڵە ..
ئەوەی لە ڕووی ناوەوەی تابلۆدا
هەڵیدەگرن ..
پاش هەموو ئەوە
چ پێویستە
ئەو حەمکە شتانە
بە شیعر لەسەر خۆم بنووسم ؟
من ،
من کارتێکی ئاراستەکراوم بۆ جیهان ..
مەمنوشتێننەوە و
بە سرێش هەڵممەواسن .

## سەعاتی بێدارکردنەوە (4)

دواجار

دەزانن من کێم ؟

من سەعاتی بێدارکەرەوەم

بەرداوای ئێوە .

بە دەستی ئێوە قورمیش کراوم

هەر وەختێ بتانەوێ
بە ژاوەژاوێکی دڵترسێن
بێدارتان بکەمەوە
تا بەردەوام نەبن لە نووستن .
هەندێ جار لە بریتی سوپاس
پاداشتم چەپەلۆکێکە لە سەرم .
تا بێدەنگ بم .

---

*__باروير سيفاک__ : شاعیرێکی ئەرمەنییە ساڵی 1924 لە گوندی سیفاکافیای ئەرمینیا لە دایک بووە . بەشی زمانی ئەرمەنی لە زانستگەی یەریڤان ساڵی 1945 تەواو کردووە. ماوەیەک لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا کاری کردووە پاشان چووەتە مۆسکۆ و لە پەیمانگەی ئەدەبیاتی ماکسیم گورگی خوێندوویەتی .
ژمارەیەک ڕۆمان و کۆشیعری وەرگێڕاوە ، لە هەمان کاتدا زۆر لە شیعرەکانیشی بۆ زمانە زیندووەکان وەرگێڕدراون ئەوەی دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ ، سیفاک یەکێکە لەو شاعیرانەی ئاسۆیەکی دی بە ڕووی شیعری نوێی ئەرمەنیدا کردەوە .

## شاعیری ئەرمەنی ئۆهانیس گریکۆریان

# دیموکراسی [1]

ورچ پایسکل لێ دەخوڕێ
تووتی شیعر دەخوێنێتەوە
مەیموون چاوی حەز
لە خاتوونی ڕاهێنەری دەتروکێنێ ..
پاڵەوان بە لەشسووکی
لە بەینی پەتاندا باز دەدا
پاشان
ناکاو
هەموو شتێک گۆڕا
ئێستا
ورچ شیعر دەخوێنێتەوە

تووتی پایسکل لێ دەخوڕێ
مەیموون
بەسەر پەتان
باز دەدەن
پاڵەوان
خولکی ڕاهێنەرەکەی دەکا ..
گاڵتەجار تێبینی کرد
شتێک لە شارەکەماندا گۆڕاوە
بە پێکەنینەوە ،
گەل بە پێکەنینەوە تێبینی کرد
شتێک گاڵتەجاڕی گۆڕیوە .

(2)

# بە چرپە بدوێ

ژنەکەم پێم دەڵێ
بە چرپە بدوێ
تا مناڵەکەمان لە خەو هەڵنەستێ
منیش
بەسەری پەنجەکانم دەڕۆم و
بە وریاییەوە
دەرگاکان دەکەمەوە و
پێوەی دەدەمەوە..
کۆکەی خۆم ڕادەگرم
تا منداڵەکەمان لە خەو هەڵنەستێ
کە لە خەودا سەخافەتێک دەبینێ ..
خەندەیەک دایدەگرێ
یا لە ترسان
پەنجە بچکۆلەکانی دەبزوێنێ ..

ژنەکەم دەڵێ
تەلەفزیۆن بکوژێنەوە
تا منداڵەکەمان لە خەو هەڵنەستێ ..
منیش پێی دەڵێم
ئەوەتا باسی شەڕ دەکەن
بە شێوەیەکی چەشەبەخش دەدوێن
دەمەوێ گوێیان لێ بگرم
ژنەکەم دەڵێ باشە
گوێیان لێ بگرە
بەڵام پێیان بڵێ
بە هێمنی بدوێن و
بە ئاشتی قسە بکەن
تا منداڵەکەمان خەبەری نەبێتەوە .

---

* ئۆهانیس گریکۆریان: ( 1945 – 2013 ) شاعیر و ڕەخنەگر و وەرگێڕ و کەسایەتی کۆمەڵایەتی ئەرمینیا. کە زۆر لە شیعرەکانی بۆ زمانە جیاجیاکان وەرگێڕدراون .

**ئاودیک ئیسحاقیان**

(1)

## تفلیس 1899

با گۆڕم دیار نەبێ و
شنەبام بەسەردا بخوولێتەوە .
بەردو خاچم
لە سەرینگانمدا ناوێ..
با تەنیا شەنگەبییەکم بەسەردا بلەرێتەوە .
ئای  لە دەست مرۆڤ ، لە دونیایێ
چەندت خاچ هەڵگرتوون ، چەند
هەر لە دێرەوە لەسەر دڵمدا
بەردی زۆر قورس و ڕەش هەن .

# زوڕخ 1955 [1]

له خەمی سووتێنەردا
دڵم تێکشکاوە ..
ژیانیشم تێکشکا ..
چیم تیا ماوە ؟
با بگریم و
فرمێسکم ببن بە دەریایەکی سوێر
بەمەرجێک دایکم بە خەمم نەزانێ .
ئاخ ..
گەر پەڕاگەندە بووم و
کەوتمە کێوان و
تاوێر و گاشە بەردم دوای گاشە بەرد
بەسەردا

بەربوونەوە
با دڵم بۆ گورگان بێ
بە مەرجێ دایکم
بە مردنم نەزانێ .

---

* **ئاودیــک ئیســحاقیان** : شــاعیر و ڕۆژنامەنوســی ئەرمەنــی ، کە زۆربەی ژیــانی لە نێــوان فەڕەنســا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیادا بەسەر بردووە.
یەکــێکە لەو شــاعیرانەی بــایەخێکی تــایبەتی بە گیروگرفتەکانی ژیانی ڕۆژانە داوە.

# بەیانی باش خودایە (1)

بەیانی باش خودایە !
بێگومان جەنابت من باش دەناسی
لەگەڵ ئەوەی پێشتر یەکدیمان نەدیوە ..
جەنابت هەمووان بە ناو ،
یەک یەک دەناسی
باش و خراپ ..
بە ڕاستی دەمویست سەردانت بکەم
تا دڵسۆزی و گوێڕایەڵی خۆمتان عەرز بکەم .
بەڵام من ناونیشانتان لە ئاسمان نازانم
لە ونگەی ئەستێرە و کەشکەشان ..

کەشتیوانی بۆشایش نیم
تەنانەت کەشتییەکیشم نییە
بمگەیێنێتە حزوری جەنابت .
دەزانم زۆر سەرقاڵن
ڕاستیی لەم ڕۆژانەدا گشتمان سەرقاڵین
هەرچەندە من لەوەتەی هەم بێکارم
سەرەڕای ئەوەش
تکات لێ دەکەم گوێم لێ بگری ،
بیرێک لەو بۆچوونانەم بکەنەوە
کە دەمەوێ
لەبارەی هەموو شتێک بیانڵێم ،
مادەم دروستتان کردم و
بە تەنیا فڕێتان دامە سەر
ئەو ئەستێرە لەعنەتییە ..
هەمیشە
زۆرم لەبارەی جەنابتانەوە بیستووە
تەنانەت پێش ئەوەی لە دایک بم ،
هەموویان

به ترسەوە باست دەکەن .
بەڵام بە نیەتی خراپ ..
لەو باوەڕەدام
مەراییت دەکەن گەورەم !
لە ترسی ئەوەی ،
نەبادا بە بارهەڵگری داخراو
بیانێریە دۆزەخ .
یان بۆ حەزی ئەوەی
باڵەخانەیەکی ڕاخراویان
لە بەهەشت پێ بدەی ..
گومانی تێدا نییە
جەنابت ئەوە لەمن باشتر دەزانی
بەڵام هەموو ئەوانە
بۆ من ،
بە چ دەردێک دەخوا ؟
مادەم دەمەوێ وەک برادەر
لەگەڵ جەنابتان بدوێم
کە قازانج و زیانی بەلاوە گرینگ نییە

مادەم دەمەویَ ، وەک دەڵێن
لە دڵەوە بۆ دڵ لەگەڵتان بئاخڤێم ؟
بیرم لەوە کردەوە
تەلەفۆنێکتان بۆ بکەم ،
بەڵام ناوی جەنابتانم
لە دەفتەری تەلەفۆنان نەدۆزییەوە .
بۆیە ،
زۆر خۆشحاڵ دەبم
لوتف بکەن جەنابتان پەیوەندیم پێوە بکەن
پشتم بگرن .
ئەگەر بە شۆخییەوەیش لێم دەپرسن :
فازڵ ،
لەم دونیا دوابڕاوەدا چۆنی ؟
جەنابت ژمارەی تەلەفۆنی من دەزانی
هەر وەختێ بۆتان لوا
پەیوەندیم پێوە بکەن ،
شەو .. ڕۆژ
من گشت کاتم لە ماڵەوە بەسەر دەبەم

دەخوێنمەوە یا سەیری تەلەفزیۆن دەکەم ..
هەندێ جاریش وەنەوزێک دەمباتەوە ..
بیر لە چارەنووسی دونیا دەکەمەوە ..
ئەمر بکەن !
با ڕۆژێک پێک بگەین .
جەنابیشتان پێویستیتان بە حەسانەوەیە
زۆرم پێیە عەرزی بکەم .. زۆر
پێشتر بە کەسم نەگوتووە .. زۆر
کە ناکرێ لە جەنابت بەدەر
بە کەسی بڵێم .
ئەگەر پێشتان خۆش بێ
دوا قەسیدەی خۆمتان بۆ دەخوێنمەوە
تا جەنابتان بە ڕاشکاوی
ڕای لەبارەوە بدەن ..
یان ڕەنگە باسی
ئادەمزایەتیش بکەین
تەنانەت چارەنووسی گەردوون
لەگەڵ خواردنەوەی فینجانێک قاوە ..

بیرۆکە و نەخشەی زۆرم پێیە
لەو باوەڕەدام پێت باش بن .
پێم باشترە
لەماڵەوە پێک بگەین .
بە هەر حاڵ جەنابت
ناونیشانم دەزانی ،
ناوم لەسەر دەرگا نووسراوە
ئەوەندە بەسە
یەک جار لە زەنگ بدەن کە گوێتان لێم دەبێ
لە هۆڵەکەوە هاوار دەکەم ،
دەرگا کراوەیە
فەرموو خودایە !
تەشریف بێنە ژوورەوە
زۆرم چاوەڕوان کردی .

(2)

## لە مەملەكەتی
## هەزار و یەك شەوەدا

حاكمێک هەبوو
پەیکەرەکانی خۆی خۆش دەویست
تەنانەت ،
شەقام و گۆڕەپانی لێ پڕ کردبوون ،
چاوی بێدار بن
بەسەر گەلەکەیەوە ..
خەڵکی بەلایاندا تێدەپەڕین
بۆیان دەنووشتانەوە ..
بۆ ڕێزگرتن
شەپقەی سەریان بەرز دەکردنەوە و
بە چەند وشەیەکی شاراوە
بە خۆیاندا دەگۆ ..

وەک هەمیشە ، تاڕادەیەک هەفتانە
حاکم دەچووە شار
پەیکەرە زۆرەکانی بەدواوە ..
پێشوازی
لە دوا پەیکەری بکا ..
لەسەر سەکۆ دەوەستان
گوێیان بۆ سروودی نیشتمانی
ڕدەدێرا ..
پاشان بەسەر فەرشی سووردا
بە دوای پاسەوانی شەرەفەوە دەڕۆیشتن ..
لە کۆتاییدا هەمیشە
باوەشی بە هەموو پەیکەرەکانی شاردا دەکا و
بە فرمێسکەوە
بەجێیان دێڵێ .

(3)

# کێبی دەریاوان

پاش نیو سەعات فڕین
لە ڕێگای لارانکا بۆ بەرلین
خانمی شۆخی میوانداری ،
لە مایکەوە ڕایگەیاند :
یەکێک لە مەکینەکانی فڕۆکە وەستاوە
بۆیە دەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان
نەبادا بکەوینە دەریا
بۆ زیاتر دڵنیایی
لەوە بەدەر ، هەموو شتێک بەرکەماڵە .
لە پەنجەرەڕا ،
چاوێکم لە هەورە چڕبووەکان کرد
بە ترسەوە بیرم کردەوە ،

دادپەروەری نییە
لەم ڕۆژە ئەفسووناوییەدا ئاوەها بمرم .
فڕۆکە وەک بارهەڵگرێکی کۆن دەلەرییەوە
ناکاو
بەرەو بیرێکی بێ بن داکەوت
لە کاتێکدا دەریا
بە نەهەنگ و دۆلفینە سەماکەرەکانی
فەرشی شینمان لەژێردا ڕادەخا ..
چارم نەبوو
زۆری نەمابوو لە ترسا بمرم
کە هاوسێی ئەمەریکایی تەنیشتم ،
دڵنیایی کردمەوە و پێی وتم :
مەترسە هەمووی فشەیە
بە لەکارکەوتنی مەکینەیەک
هەرگیز فڕۆکە بەرنابێتەوە .
پاشان دەستی پێ کرد
چیرۆکی بەترسی بۆ گێڕامەوە
کە بەخۆی تێیاندا بووە

لەبارەی فڕۆکەیەک
جارێ لە جاران
شوفێرەکانی
بەسەر چۆلاییەکانی ئەفریقادا
بە نۆرەی دڵ دەمرن ..
فڕۆکەیەکی دی
بەسەر چیا وشکەڵانەکانی نیڤادادا
مەکینەکانی
تۆنێک باڵداری قووت داوە ..
سێیەمینیان ،
لە ئاسمانی ئۆقیانووسی پڕ لە ماسی قرش
باهۆز لە باڵەکانی دابوو
بەڵام هەمیشە ڕزگاری دەبوو
چونکە فڕۆکە
ئەمینترین هۆی گواستنەوەن لە جیهاندا .
کە فڕۆکە
کەوتە سەر ڕێی نیشتنەوە و
هەناسەی دڵنیاییمان هەڵکێشا

هاوسێ ئەمەریکاییەکەم
لەو کیسەی پێی بوو کتێبێکی دەرهێنا و
پێشکێشی کردم
پاشان تەوقەی خواحافیزی لەگەڵ کردم :
لە بیرت نەچێ بیخوێنییەوە ،
ئەمە دوا کارمە
(کتێبی درۆیان) ..

(4)

# قەسیدەی ئەگەر

خودایە
ئەگەر ئادەمزادت
بە دەستێک و سێ قاچ دروست کردبا
مەیموون چییان دەگوت ؟
ئەگەر کلکی درێژت بەدواوەمان خستبا
چۆنمان لە ئاهەنگان سەما دەکرد ؟
گەر باڵت پێمان بدابووایە پێی بفڕین
پاسپۆرتەکانمان چی لێ دەکرد ؟
ئەگەر بە نەدیتراویت دروست کردباین
خەفیە و جاسووس
ڕاپۆرتەکانییان دژی کێ نووسیبا ؟
گەر نۆ پەنجەت پێدابواین
چۆنمان تا (دە) بژماردایە ؟

ئەگەر جەستەمانت لە پۆڵا دروست کردبووا
چۆن شەڕمان دەکرد ؟
گەر لووتمانت بکردبووایە دەنووک
کچانمان چۆن ماچ دەکردن ؟
ئەگەر خۆت کردبووایە حاکم بەسەرمان
بەرپرسەکانمان چی لێ کردبا ؟
گەر ئەم قەسیدەیەم پێ بدابووای
چیت بۆ زیاد دەکرد ؟
ئەگەر ..
ئەگەر ..
ئەگەر خودایە ..

(5)

# سۆزی (مەیسون)ی
# ژنی خەلیفە معاویە بۆ بیابان

کراسێکی خوری و
دڵێکی بێ خەمم بدێ ،
برۆ هەموو پۆشاکە ئاوریشمیەکانم بەرە ..
خیوەتێکم لەناو لمدا بدێ ، بای لێ بدا
لەباتی من
بچۆرە کۆشکی بەرز .
حوشترێکم بۆ بێنە
لە سارایان سواری بم
تۆیش بۆ کوێت بوێ
سواری کەژاوە زێرینەکەم بە !

لێگەڕێ سەگی میللەتەکەم
بە موسافیری بێگانە بوەڕێ
ئەو پشیلە تەمەڵە بەنازە
ببە ماڵی خۆت ..
پارچەنانێکی وشکم
لە گۆشەی کۆخێک پێ بدە !
تۆیش بە تەنێ گەورەم کێکی میر بخۆ ..

(6)

# لە دیوەخانی حافزی شیرازیدا
## (کەرە پزیشکەکە)

لە میوانخانەی حافزی شیرازیدا
دانیشتبووین ..
دەستێکی لە پشتم دا
ئینجا پیاڵەی بەرز کردەوە و پێی وتم :
بخۆرەوە ڕێبواری دۆڵێ
وتم: نا ، پزیشک لێی قەدەغە کردووم .
وەڵامی دامەوە و دڵنیای کردم :
بخۆرەوە
کە مەست دەبی
کەرەکەت خۆی دەبێتە پزیشک .

(7)

# جیهان لە باشترین باریدا

ئەی خودای مەزن !
جەنابت دەزانی تا نووکە
چەند کارەسات و مەینەتی
بەسەر (فازڵ) ی کۆیلەی هەژارتدا هاتووە
لە کاتێکدا خۆی لە دۆزەخدا
گەرم دەکاتەوە ..
چەند کەشتی
لە ڕەشەبادا گوم بوون
شوێنەواریان نەدۆزراوەتەوە ..
چەند گوند بێ بەزەییانە
بوومەلەرزە لە بێنی بردن ..

کەچی بکەر هەمیشە
لە تۆماری پۆلیسە نووستووەکانی
سەر تاوانان
بە نادیاری مایەوە ..
چەند شەڕ لێرە و لەوێ هەڵگیرسان
چەند قووللەی بابل
چۆلپەرستان بێباکانە ڕووخاندنیان ..
چەندم بۆ هەبوو
بە ئاشتی و ئارامی بژیم
ئەگەر قەدەری ستەمکار و
گەمژەیی ئادەمزادە دوابڕاوەکان نەبا
کە هەموو
کێبەرکێیانە بەرەو هەڵدێر ،
لە ئۆلۆمپیادێک
کەس نازانێ
بۆچی و چۆن ؟

بۆیە
ئەگەر ویستتان جارێکی دی ڕۆژێ
دونیا لە باشترین شێوەیدا
دروست بکەنەوە
تکایە لەبیر مەکە
بەڵکو ڕاوێژێکیش بە من بکەی
*
گوێم لە ملیۆنانە
لە دوورەوە
لە شەقامان هوتاف لێ دەدەن
« گەل دەیەوێ زەوی بگۆڕێ»

(8)

# شایەدی تاوان

که بیستم گولله
له گۆڕەپانەکەی پشتەوە
دەنگ دەدەنەوە و
فیکەی ئۆتۆمبیلی پۆلیس
شێتانە لێ دەدرێ
بە هەڵەداوان چوومە بانیژەی ماڵەکەم
لە نهۆمی پێنجەمدا
شەقامی گوڵی سپی
تا ببینم
لە دونیای خوارەوەدا ، لە ژێرم
چ دەگوزەرێ
کەسێک بە ڕەشاش تەقە دەکا
بەسەر شانییەوەیەتی
خۆی لە پەنای
دار زەیزەفونێکی پاییزی ناوە

که هەندێ جار
سەگ
وەختێ لەگەڵ خاوەنەکانیان دەچنە پیاسە
میز لەبن قەدەکانیدا دەکەن ..
بۆیە
بە هاوار و بە ترسەوە چووم
بە دوای مۆبایلەکەوە
پۆلیسی لێ ئاگادار بکەمەوە .
"ئەو بکوژە خوێڕیانە
لە تۆقاندنمان ناوەستن"
بەڵام ژنەکەم
لە کاتێکدا چای بەیانیانی ئامادە دەکرد
پێکەنی و وتی:
"نیگەران مەبە ئازیزم
ئەوە وێنەی فلیمێکی پۆلیسی دەگرن
ڕووداوەکانی لە گەڕەکی ئێمەیە
حەفتەیەک لەمەوبەر
لە تابلۆی ئاگادارییەکان ڕایانگەیاندبوو"

فشارم جارێکی دی هاتە خوارەوە
کە کوژراوەکانم بینی
بەڕاستی لە مردن هەڵدەستنەوە
کراسەکانیان بە خوێنە ..
لەولاشەوە
پیاوە چەقۆکێش و تاوانبارەکە
بە زەوقەوە جگەرە دەکێشێ و
بەرەو حانووتە سەفەریەکە دەچێ
بیرەیەک بخواتەوە ..
لەسەر پاردەی لێواری شوورەکەیش
هەندێ کۆچبەری ڕووسی دانیشتوون
وەک هەموو جارێ
شەترەنج دەکەن .

---

***فازڵ عەززاوی** : شاعیری تاراوگەنشین ، لە شاری کەرکووک لە دایک بووە ، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ( کۆمەڵەی کەرکووک). تا ئێستا بێجگە لە بڵاوکردنەوەی ژمارەیەک ڕۆمان و وەرگێڕانی هی دی ، کۆمەڵێک کۆشیعریشی بڵاوکردوونەتەوە ، کە لە مێژووی شیعری نوێی عەرەبیدا جێی پەنجەی دەرخستووە.

## 3 قەسیدە لە شاعیر
## خاتوو مەناهل ئەلسەهوی[*]

(1)
# ژنانی ئەوروپا

خەمبار
بەسەر پێخەفە نەرمەکەدا ،
پاڵ دەکەوم ..
ڕووم بەلای دیواردا وەردەگێڕم
زەردەمسکە دەبمەوە ..
بە پەنجەم
ناوت لەسەر دیواردا دەکێشم
لەگەڵ دەنگی تەقینەوەی دوورەوە
چاو دەنووقێنم
ئێستا دەتوانم بنووم ،
بێ ئەوەی خەون بە هیچەوە ببینم

بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ بکەم ..
دەزانم زۆرن ئەوانەی
وەکو تۆ
کۆچیان بۆ ئەوروپایێ کرد
کۆچیان بۆمەرگ و زیللەت کرد
بەڵام پاش چەندانساڵ
کە منداڵەکانیان
هۆی هاتنیان لێ دەپرسن
دەڵێن :
چونکە جەستەی ژنانی ئەوروپا
لە ژنانی ئێمە گەرمترە ..
ژنانی ئێمە ،
کە لەوێ
لە بەتەنێیدا مردن .

(2)

# لە ملدا

هەمیشە زانیومانە
شتێک لە ملدا هەیە
لێی دەترسین ،
نابێ لە پەتی لوولدراو
نزیک بینەوە ..
چەقۆیەک
یا دوو مشتی بێ بەزەیی
کەواتە ئێمە مەرگ دەناسین!
ئەو مەرگەی ڕێک لە ملدایە
لە جێیەک
لە هەموو جێیان پتر لێ دەدا
لە هەموو جێیان گەرمترە
لەوێدا ماچیش هەیە .

(3)

## هەناسەبڕكێ

ئەمڕۆ
بە كیسەی زۆرانبازیم هاتییە بەرچاو
بە مشت وەرتگەڕامێ ،
ئەوەی لە كاتی خۆیدا نەمدایتێ ..
كیسەكە دەهات و دەچوو ،
دوور دەكەوتەوە ..
پاشان بە هێزێكی زۆرترەوە
دەگەڕایەوە ،
مشتی دیكەی لێبوەشێنم
جارێكی دی وەك دڕندەیەكی برسی
دەهاتەوە ..
وا مامەوە ، تا هەستم كرد شەكەت بووم ..
بە دەستەكانم گرتم
بە جومگەی پەنجە قڵیشاوەكانم

سەرم پێ کرد
پڕ بوون لە خوێن و
بە ڕوونی
گوێم لە هەناسەبڕکێی خۆم بوو
وێنەی ئاژەڵێکی تۆقیو
خێراتر دەبوو .

(*) شاعیرێکی گەنجی سورییە ، یەکێکە لەو شاعیرە ژنانەی ڕەخنەگران ئایندەیەکی لە شیعری نوێی عەرەبی تیا دەبینن .

**بوب دیلان**

# لە کۆنەبادا

مرۆڤ دەبێ
بە چەند ڕێیاندا بڕوا
تا پێی بڵێن پیاو ؟

کۆتری سپی
دەخوازێ
بەسەر چەند دەریایان بفڕێ
تا لەسەر لمدا بخەوێ ؟

ئا ئا
چەند جاران دەبێ
بۆمبا بتەقنەوە
تا بە دوایی قەدەغەی بکەن ؟

وەڵام برادەر ،
لە کونە با دایە
کونەبا ..

ئێ چەند ساڵان
چیا دەتوانن بمێننەوە
بەر لەوەی دەریا
ڕایانماڵێ ؟

گەل لەسەریەتی چەند بژی
تا لێی گەڕێن ئازاد بێ ؟
بەڵێ ،
ئادەمزاد چەند جاران
سەری بادا و
وا پیشان بدا نابینێ ؟
وەڵام برادەر لە کونە با دایە
کونەبا ..

ئێ چەند جاران
مرۆ چاو بەرزکاتەوە
تاکو ئاسمان ببینێ ؟

چەندت پێویستە گوێت هەبن
تا گریانی خەڵک ببیەی

بەڵێ
داخۆ دەبێ چەند بمرن
تا مەرگ ناچارمان دەکا
دەرکی پێ بکەین مردوون
وەڵام برادەر لە کونەبا دایە
کونەبا ..

---

* بۆب دیلان : شاعیر و گۆرانیبێژی ئەمەریکایی ، بەرەندەی خەڵاتی نۆبل ساڵی 2016.

عزت سارایلیچ

# لە سەرایڤۆدا

بەهاری 1992
هەموو شتێک دەکرێ ببێ
لە ماڵەوە دێیە دەرەوە
لە ڕیزی نان دەوەستی و
خۆت لە ژووری ئەمبۆلانسدا
دەبینییەوە ،
قاچت بڕاوە !!
لەگەڵ هەموو ئەمەیشدا
دەڵێن:
تۆ زۆر بەختت هەبوو .

---

***عیزەت سارایلتچ** : شاعیری بۆسنایی بەناوبانگ بەتایبەتیش بەم شیعرە کورتەی کە زیاترین بەختی هەبووە لە وەرگێڕان بۆ زۆربەی زمانەکانی دونیا کە باری ناهەمواری وڵاتەکەی و کارەساتەکانی شەڕ دەردەبڕێ.

# دەڵێن تۆ
# هێشتا خۆشت دەوێم

دەڵێن :
تۆ ،
هێشتا خۆشت دەوێم
کە – لە ماڵ نابم –
تەلەفۆنم بۆ دەکەی
بۆ ئەوەی تێم بگەی ..
کتێبەکانم دەخوێنیتەوە
هەندێ جار چاودێریم دەکەی و
دەڵێن ئەوان
لە چێشتخانەیەکی براشتنی بەهاراندا
دوور لە شار ..

منیان لەگەڵ تۆدا دیوە ..
تەنانەت
لە کۆنگرەی (پاریس)یش
منیان دیوە
لەگەڵت بووم ..
............
............
هەر چەندە
من و تۆ
ساڵەهای ساڵە
قسەمان لەگەڵ یەک نەکردووە
.............
.............
دەتەوێ بزانی بۆ ؟
چونکە تۆ
لە ڕێدا بۆ (ڕێگا)
تێزماڵ تێزماڵ بووی
پەرت و بڵاوبوویەوە

له بارستەیەکدا تێکەڵ بووی ..
قژت
گۆشتت
ئێسقانت
تەنانەت سەریشت
تێکشکا
............
بەوەی
من له ڕێوڕەسمی
به خاک سپاردن بووم و
به چەپکێ گوڵ دامپۆشی
.............
.............
بەڵام
ڕاستییەکی دی هەیه
بۆنی تۆ
هێشتا
له ماڵەکەماندا ماوه ..

.............

.............

بەیانیان زوو

کە دەچمە ئاشپەزخانە

ئامانان دەبینم

سەرلەبەریان شۆراون ..

دیسان

شیرینی هەمووی

خوراوە .

**شاعیری چینی خاتوو زایۆ هوایۆ وه**

## (1)
## ناسنامەیەکی شێواو

ناتوانم لە دادگەدا
ددانی پێدا بنێم
بەفرم لە باخەڵی چەپ دایە و
ئاگر لە گیرفانی ڕاست
ئاگر دەکارێ
چۆلایی ، شار ، ماسی بسووتێنێ
بەفریش پێی دەکرێ
ڕێوبان و تاوانان داپۆشێ ..
تریفەی مانگم پێیە ،
بەڵام لە تاریکاییدا .
دار خۆخێکم پێیە ،

لێ نایبینم گوڵ بکا .
بەهارێکی دیماهی نەهاتووم پێیە
کەچی هەست بە زستان دەکەم .
بنیاتی کیمیاوی و حکوومەتی و مۆزەخانەم دزی
کەچی هیچم نییە .. موفلیس
من گوناهم
وازم لێ بێنە دوور بڕۆم
من لەسەر خۆمدا حەکەمم
ڕێ لە ڕۆحم بگرە
لە تاریکی شەوێکدا دەڕۆم
بێ شوێنەوار
لەم شارە دوور دەکەومەوە .

(2)

# هەموو جێی تۆی دەکەم
# لەگەڵت بنووم

بەکاربێنی وبەکاربێی

جیاوازی چییە ؟

ئەگەر جیاوازییەک هەبێ

دوو جەستە

پێکدا دەدەن

هێز ،

گوڵ بەهێز کرایەوە و

بەهاری چاوەڕوانکراو

گوڵێک هێنای

لەوە زیاتر نا ..

هەڵەیە وا بزانین

ئەمە ژیانێکە
لە نوێدا دەست پێ دەکاتەوە.
لە نیوەی چین هەندێ شت ڕوودەدەن :
گڕکان دەتەقنەوە ،
ڕووبار بە وشکی تێدەپەڕن ..
زیندانیی سیاسی و
کرێکارە لەبیرکراوەکان ..
ئاسک ، لەق لەقە تاج سوورەکان
بەر بۆردومان دەکەون ..
بە ناو ڕێژنەی گوللاندا دێم
لەگەڵت بنووم ..
چەندان شەو کۆدەکەمەوە
بیکەمە سپێدەیەک و
لەگەڵت بنووم ..
بەناو چەنداندا ڕادەکەم
چەندان لەمن ڕادەکەن بۆ یەکێک
لەگەڵت بنوێ .
ئاساییە

ڕەنگە پەپوولە بتوانن دەسخەڵەتم بدەن
لەوانەیە گومانم
پەسن بکاتە بەهار و
گوندی هنگدیان
بکاتە نیشتمانم ،
بەڵام ئەمانە هەمووی بیانوون
من شەوم لەگەڵ تۆدا بەسەر برد .

---

(*)**زایۆ هوایۆ :** خاتو هوایۆ شاعیرێکی چینییە ، لەگەڵ لە دایک بوونیدا ، ئیفلیجی لە مێشکدا هەبووە ، لە گوندێکی دوورە دەستدا لە دایک بووە ، لە تەمەنی 19 ساڵیدا باوکی بەشووی داوەتە پیاوێک بە دەیان ساڵ لە خۆی گەورەتر کە پاشان بە کڕینی شوقەیەک بۆی لێی جیا بووەتەوە.
سەرەتا چەند قەسیدەیەکی لە ماڵپەڕێک بڵاوکردەوە کە بەخۆی بۆ خۆی کردبووەوە ، لە دواییدا سەرنجی هەندێ گۆڤار و بڵاوکراوەی ئەدەبی ڕاکێشا تا ئەوەی زۆرجار بە (ئیمیلی دیکنسۆن)ی چینیان چوواندووە .
تا گەیشتووە بەوەی زانستگەی ستاتفۆردی ئەمەریکایی بانگهێشتی بکا بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانی.

**شاعیری تورک جەمال سوڕەییا**

(1)

## ئاکە شتی قەدەغەکراو

کە ئازادی دێ

مردن قەدەغەیە! ..

(2)

## ژیان کورتە

ژیان کورتە

مەل دەفڕن .

(3)

## وێنە

سێ کەس لە وێستگەدا
پیاوێک و ژنێک و منداڵێک
پیاوەکە دەستی لە باخەڵییەتی
ژنەکە دەستی منداڵەکەی گرتووە .

پیاوەکە خەمبارە
خەمبارە وەک
گۆرانییە خەمبارەکان ..
ژنەکە جوانە
جوانە وەک
یادگارییە جوانەکان ..
منداڵەکە خەمبارە
وەک یادگارییە جوانەکان و
جوانە
وەک گۆرانییە خەمبارەکان .

---

(*)**جەمال سورەییا** : لە شاعیرە بەناوبانگەکانی تورکیایە ، ساڵی 1931 لە ئەرزنجان ، باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە دایک بووە ، یەکەم قەسیدەی لە 1953 دا بڵاوکردووەتەوە.
یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئاراستەی دووەمی نوێی شیعر کە هەوڵیاندا سادەیی پەیڕەو بکەن. ژمارەیەک کۆشیعر و وەرگێڕانی لە چەند کتێبێکدا بڵاوکردووەتەوە.

**ولیەم بتلەر ییتس**

# لە نزیک باخچەی گشتیدا

لە باخچە گشتییەکاندا
ژوانم لەگەڵ خۆشەویستەکەم دانا
بە هەنگاوی بەفراوی بێگەردی لەسەرخۆوە ..
ئامۆژگاری کردم
خۆشەویستی بە نەرمی وەربگرم
وەک ئەوەی
گەڵای داران پێدەگا .
بەڵام من
وەک هەر گەنجێکی ساویلکە
باوەڕم نەهێنا
لە کێڵگەدا ، نزیک ڕووبار
لەگەڵ خۆشەویستەکەمدا وەستام

دەستی سپی بەفراوی
لەسەر شانم دانا
ئامۆژگاری دەکردم :
ژیان بە نەرمی وەربگرم
چوون گیا
لەسەر بەنداوان پێدەگا
بەڵام من
وەک هەر لاوێکی گەوج مامەوە
ئەوەتا ئەمڕۆیش پڕم لە ئەسرین .

---

(*)**ولیەم بیتلر ییتس** : شاعیری ئێرلەندی ییتس ، لە دبلن لە دایک بووە . جگە لە شیعر شانۆنووس و کەسایەتییەکی نیشتمانیش بووە و ئەندامی ئەنجوومەنی گشتیی بەریتانیا بووە .. یێتس بۆ یەکەمین جار قەسیدەکانی لە تەمەنی بیست ساڵیدا لە ڕۆژنامەیەک لە دبلن دا بڵاوکردنەوە.
بڕوای بە سیحر و دونیای ڕۆحانی هەبوو ساڵی 1923 خەڵاتی نۆبلی وەرگرت ساڵی 1939 لە تەمەنی 73 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

## 3 قەسیدە لە ڕامبۆوە

# کۆمیدیایەک لە سێ ماچدا (1)

لەوەی دایدەپۆشێ داماڵرابوو
درەختی گەورەی خۆتێهەڵقورتێنیش
لەوێ بوون ،
بە گەڵاکانیان
مینای پەنجەرەیان
لە نزیکەوە ... لە نزیک ،
بە مەکرۆییەوە دەکوتا .

لەسەر کورسییەکی گەورە دانیشت
دەستی تێکئاڵاندبوون
نیوە ڕووت

لەسەر زەوی ژوورەکەدا
ئازاد دەلەرێنەوە ..
مەبەستم
لە پێیە جوانە ناوازە ، ناوازەکانیەتی ..

زەینم دایێ
ڕەنگیشم ڕەنگی مۆم بوو ..
تیشکێکی ورشەدار ، دێ و دەچێ و
لە خەندەیدا دەشەکێتەوە ..
گوڵەمێشێکیش لەسەری مەمکی ..

هەردوو قاچە نەرمەکانیم
ماچ کردن ..
پێکەنی ..
لەمەکرۆیی پێکەنینی هەڵوەریویدا ،
بوو بە بلوری جریوە و کریستاڵان ..

پێیەکانی لە ژێر کراسێکی ڕووبەدەردا
دەستووریان دا :
دەکرێ تەواوی کەی ؟
یەکەم لایلایە ئەو دەستی پێکرد
پێکەنینە هەڕەشاوییەکەی
بە سزایەکی زۆرەوە ..

چاوەکانیم
بە سۆزەوە ماچ کردن ،
کە بە لەرۆزکی
لەژێر لێوەکانی مندا
ئارامیان گرتبوو ..
سەرێکم بەرەو دواوە پاڵدا
هەست بە شەکەت بوون دەکا
ئای ... ئەمە باشترە !

(( ڕێگەی تەنیا هەندێ وشەم دەدەی ؟ ))
هاتم ماچەکانی ترم ،

بەسەری مەمکانەوە نووساند
وام لێ کرد
ماچەکە زۆر ئارەزوومەندانە پێبکەنێ
کە ...

لەوەی دادیدەپۆشی داماڵرابوو
درەختی گەورەی خۆتێهەڵقورتێنیش
لەوێ بوون
بە گەڵاکانیان
مینای پەنجەرەیان
لە نزیکەوە ... لە نزیک
بە مەکرۆییەوە دەکوتا .

(2)

# خەونمان بۆ زستانی دی

زستان
بە فارگۆنێکی گوڵڕەنگی ، سەرین شین
سەفەر دەکەین ..
باش دەبین
هێللانەیەک ،
لە ماچگەلێکی شێتانەدا
لە هەموو گۆشەیەک
لە گۆشە نەرمەکانیدا
دێتە ژێر بار
چاوەکانت دەنووقێنی
تا لە میناکەوە سەرنج
لە ددان جیرڕکردنەوەی ،

تارماییەکانی شەو نەدەی
ئەو شێواوە دڵڕەقە هارانە
لە ئیبلیسی ڕەش و گورگی ڕەش ..

پاشان
هەست بە گۆناکانت دەکەی
ڕووشاون ..
ماچێکی چووکە
وەک بڵێی
جاڵجاڵۆکەیەکی شێت بێ
بەسەر گەردندا دەبزوێ
پێم دەڵێی :
«بە دوایدا بگەڕێ !»
لە کاتێکدا سەرت خوار کردووەتەوە ..
وەختێکیشمان پێ دەچێ
لەو جانەوەرە دەگەڕێین
کە زۆر دەبزوێ ..

(3)

# بۆ نووستوی دۆڵێ

کە ڕامبۆ ئەم قەسیدەیەی لە 1870 دا لە ( برۆگرێد ) بڵاوکـردەوە ناونیشـانێکی دیکـەی پێـدا ، ئەم سـۆناتایە ، وێنەیەکی کاریکـاتێرییە بـۆ شـەڕ کە لەو ساڵەدا (1870) لە گـۆڕێ بـوو .. لەگەڵ تێبینـی ئەوەی دیـارە کە ئەو سەربازە نەنووستووە ، کوژراوە .

ئەو بەرابەریەش لە نێـــوان سرووشـــتی جـــوان و میهرەبان و کارەساتەکانی شەڕ دەبینرێ ، هەروەها لە نێوان پەڵەی سەوز و پەڵەی خوێن .

مەزرایەکی سەوزە ،
ڕووبارێک
گۆرانی تێدا دەچڕێ ..
شێتانە
لێشاوی ئاوی سازگاری زیوین
بەسەر گیادا بڵاو دەکاتەوە ..

که خۆر ،
له شاخه بەرزەکانەوە دەدرەوشێتەوە
ئەوەتا دۆڵێکی بچووک
به پڕشنگان شەپۆل دەدا ..

سەربازێکی گەنج هەیە
– دەمی کراوەتەوە –
سەر ڕووت
ملی له ژێر
هۆ ئەو شینایيه تازەیه دایه ..
لەناو گیادا ،
لەو سارایەدا ،
ڕەنگپەڕیو
له پێخەفی سەوزیدا
که ڕوناهی لێ دەگری .
درێژ بووه دەنوێ ..

پێی لە ژێر سەوزایدان
خەندەدار
وەک بزەی منداڵێکی نەخۆش دەنوێ
نا ئەو ،
لە سەرخەوشکاندنێکی سادەدایە
ئەی سرووشت !
بە گەرمی ڕایژەنە !
سەرمایەتی
ئەو بۆن و بەرامەیە
کار لە لووتی ناکەن
ئەوەتا لەژێر خۆردا دەنوێ و
دەستی ئارام لەسەر سنگییەتی
دوو کونی سووریش لەکەلەکەی ڕاستی ..

---

(*)**ئارسەر ڕامبۆ :** شاعیری بەناوبانگ و جێی سەرنجی مێژووی نوێی شیعری فەڕەنسی و جیهانی ( جین نیکۆلاس ئارسەر ڕامبۆ ) ، نۆڤمبەری 1845 لەدایک بووە.
گرینگترین و سەرنجڕاکێشترین کاری نووسینی لە تەمەنێکی لاوی سنووردار بووە ، فیکتۆر هۆگۆ بە (منداڵی شەکسپیر)ی ناوزەد کردووە لە بیست و یەکساڵیدا وازی لە شیعر نووسین هێناوە.

**قاسم سعودى**

# پاک کردنەوەی ماڵ[1]

گەنجێک دەناسم
شەوانە
لە گۆڕەوە
بەرەو ماڵەکەی دەفڕێ ..
شیر و سەوزە
لە ئاشپەزخانە دادەنێ ..
وانە بە منداڵەکانی دەڵێ
ماڵەکە بە باشی پاک دەکاتەوە
زەردەخەنەیەک
بۆ وێنەی ژنە مردووەکەی و
سەری پیرە دایکی ماچ دەکا
کە تەواو بە هەتیوانەوە ماندوو بووە .

(2)

# قاچی هاوسێم

جارێکیان
قاچی ڕاستیم
لە هاوسێکەم خواست ،
بەو مەرجەی
دەستی چەپمی بدەمێ ..
بەو شێوەیە
ئەندامەکانمان هەردەم دەگۆڕینەوە
تا ئەو بەیانییەی
هات داوای دەممی لێ کردم
کە بۆی هێنامەوە
خۆشترین و
درێژترین ماچی
لە دونیادا پێوە بوو .

## (3)
## وەختێ مریشک
## هێلکەیەکمان پێشکێش دەکا

تەنانەت خواردنی سووتاوی
ئاشپەزخانەی دایکیشم
لە نێو ددانماندا پێدەکەنێ
لێ زۆری پێ ناچێ دەگری ،
کە ئاردمان تەواو دەبێ ..
پاشان ناکاو
مریشکەکە هێلکەیەکمان دەداتێ
ناکاو درەخت لە ماڵ هەڵدێن و
باوکم بە خەمباری
دەگەڕێتەوە ..
تا بە بێدەنگی
لە بارەی شەڕەوە پێمان بڵێ
لە وڵاتیدا بێدار بووەتەوە .

(4)

## کەڕادەی مەریەم

دەڵێی لەگەڵ تۆ
لە کەڕادەی مەریەم پیاسە دەکەم
ئێمە ناپەڕینەوە ..
پرد پێماندا تێدەپەڕێ ،
ماسی و قایەخ و تفەنگ
بە دەورمان هەڵدەبەزنەوە
ئینجا
سەر لە ئۆتۆمبێلەکەوە هەڵدەبڕی
دەست بۆ سەربازەکانی بازگە
ڕادەوەشێنی
بە چرپەوە پێم دەڵێی :
ئەوە بە تۆ دەچێ !

هەموو سەربازەکان بەمن دەچن ..
بۆ تۆ دەخەنن
منیش بە تەنێ
لە کەڕادەی مەریەم
چاودێریان دەکەم .

(5)

# منداڵەکەی ژێر کەلوپەلان

ئەو خانەوادەیەی بە تەنێ
لە تاریکیدا ڕێ دەکا ،
خانەوادە نییە
پاشماوەکەیەتی ..
ماڵێک بە تەنیا ژوورێک
مێزێکی شەت و خوار
هەندێ بجگوڕی هەتیوکەوتوو ..
ناکاو (دەق)ـەکە دەوەستێ
منداڵێک
لە ژێر کەلوپەلەکاندا
یارمەتی برا شیرەخۆرەکەی
بۆ ڕۆیشتنی یەکەمجاری دەدا .

## (6)
# ئەو کیژەی بەهەشتی خۆش ناوێ

باشە..
ئەو کیژەتان بینیوە
هەمیشە هەڵە
لە هەڵبژاردنی جل و بەرگە سادەکانی دەکا ؟
کیژەکە سەوزەفرۆشە
ئەو کیژەی بەهەشتی خۆش ناوێ ،
ئەمڕۆ شووی
بە وێنەی سەربازێک کرد
کە لە بازاڕ
لە گیرفانی پیرەمێردێکەوە کەوتبوو .

(7)

# زوو نووستن لە ژووردا

ژوورە بچکۆلەکەم
سەربازی زۆری تێدایە
لە ژیانمدا ناسیوومن
کراسەکانم بەشیان ناکا
خواردنیشم ..
ئەوەی خەمبارم دەکا
ناوی هەمووانم لەبیر چووەتەوە .
لە ژوورە بچکۆلەکەمدا
زوو چرا دەکوژێنمەوە
تا ئەو سەربازانەی
شەوانە
لە سەرمدا دەقیژێنن ..
بنوون .

(8)

# درەخت

دارە وشکەوەبووەکەی
بەر دەرگای ماڵەکەمان
بەزین
وردە وردە خواردوویەتی
دایکم بڕیاریدا بیبڕین
کە دەستمان پێ کرد
لەگەڵ یەکەم لێداندا :
وێنەی باوکم کەوت
لەو کاتەی ڕواندوویەتی .

لەگەڵ لێدانی دووەم :
وێنەی دایکم بە جلی بووکێنی .

لەگەڵ لێدانی سێیەمدا :
دارەمەیتی براکانم
لە لێدانی چوارەمدا :
دارەکە ڕاقەنا و
ئێمەش تا بەیانی گریاین .

## (9)
## پایسكل

كه منداڵ بووم
خەونم بەوە دەبینی
پایسكلێكم هەبێ
بۆ هیچ نا
جگە لەوەی بە خێرایی
لە پاسەوانی قوتابخانەی كچان هەڵبێم
چاوبڕكێم لەگەڵ هەموویاندا دەكرد
كەچی هەموو جارێ
پێڵاوەكانیان
میهرەبانییان بۆ پشتم دەنواند..
من وەك پێویست قۆز نەبووم
منداڵێكی لەڕو زمانپیس و سەربەگێچەڵ بووم ،

که گەورە بووم
سواری زۆر ئۆتۆمبێلی سەربازی بووم
تفەنگ و
شەهید و
بریندارم
خستە سەر پشتم ..
هەمان پشت
کە پێڵاوی کچان ڕاویان دەنا .

(10)

# ئەو كورسییەی لە ماڵێدا دێ و دەچێ

کە منداڵ بووین
درۆیان زۆر لەگەڵ کردین
وتیان خوا لە بەرزایدا دەژی ..
بەڵام ئەمڕۆ
هەستم کرد لە ماڵی ئێمەیە و
لە ژووری دایکیشمە
کورسییە نووستوەکەی
بۆ چاک دەکاتەوە ..
چونکە خودا
کورسی بە هاتووچووی خۆش دەوێ
کە دایکان ،
لە ژوورەکانەوە
بۆ ئاشپەزخانە
دەگوێزێتەوە .

(11)

# جل و بەرگی قوتابخانە

هێشتا بچووک بووم
تۆپانێمان
دژی تیپی
گەڕەکی هاوسێمان دەکرد
ئەوان کراسی پان و پۆڕی سپی و
پێڵاوی وەرزشیی نایابیان دەپۆشی
تەنانەت گۆرەویەکانیشیان
درێژ و وەک یەک بوو ..
ئێمەش پێخواس
جل و بەرگی قوتابخانەمان دەپۆشی
کە دایکمان هەموو ڕۆژێ دەیشووشتن
چی دیکەمان نەبوو
یارییەکە درێژ و ڕژد و چەشەبەخش بوو
تا ئێستاش تەواو نەبووە .. !
یارییەکە تەواو نابێ ...

## (12)
## پارچەیەک شیرینی

لە دە ساڵیمدا
تا نەچمە چایخانە
باوکم تەلەفزیۆنێکی بچووکی بۆ کڕین
جامی جیهانی پێ ببینین لە ئەرژەنتین
ئەوکاتە نیوەی ماڵمان باخچە بوو

منداڵانی گەڕەک
گشتیان دەهاتن
کێمبس(*) ببینن
من نەمدەهێشت بێنە ژوورەوە
ئەگەر پارچەیەک شیرینیم نەدەنێ ..
بەخشندە بووم لەگەڵیان .

---

(*)**ماریۆ ئەلبێرتۆ کێمبس** ، یاریکەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتێن لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کە لە جامی جیهانی 1978 دا بە یەکێک لە گۆڵکەرە بەناوبانگەکان ناسێنرا..

(13)
# له هه‌شت سه‌عاتدا

پێی دڵخۆش بووم
یه‌كه‌م جار بوو ده‌چوومه شه‌ڕ
له پاسدا
كچێكی جوانم له پاڵ دانیشت
زۆر له سیمایه‌وه ڕامام
له هه‌شت سه‌عاتدا ،
زه‌ماوه‌ندم له‌گه‌ڵدا كرد
سێ منداڵمان په‌یدا بوون
ماڵێكی بچكۆله ، جۆلانه‌یه‌كی ساده و
چه‌ند مریشكێكی به‌خته‌وه‌ری تێدا بوو
له هه‌شت سه‌عاتدا ..
كه گه‌یشتینه وێستگه
به ته‌نێ گه‌ڕامه‌وه ماڵه‌وه .

(14)

# ژنی باپیرم

داپیرم نەچووەتە کوردستان
بەڵام دەڵێت
خەڵکی لەوێ دەم بە خەندەن !
داپیرم لە نزیک ڕووبارێکی بچووکدا دەژیا
لێ کە باپیرم
خانوویەکی بۆ لە بەغدا کڕین

ڕووبار لەگەڵ داپیرمدا
هاتە ژوور
بەڵام
لەو شەوەیدا
گوللە تۆپ باڵیان گرت .. هەڵات
داپیرم نەچووە شەڕ
ئەو لە سیمایاندا دەیبینێ
تۆپی قورس و
بریندار و ژنی سەربازەکان و
ژنانی خەمباری گەڕەک
هەر کاتێ سەریان وێک دێتەوە
دەچنە ژووری داپیرەم
نەختێک پێبکەنن ،
کە باسی ژنی دووەمی باپیرم دەکا
لە کوردستان
کوردستان ،کە قەت نەمدیوە .

(15)

# زەماوەند

لە زەماوەندی
سەوزەفرۆشی هاوسێمان
منداڵگەلێکم بینی چاوەڕێن
لەگەڵ دانانی خواردن هێرشیان هێنا
منداڵێک نەبێ
لە جێی خۆی نەبزوت ،
لەکاتێکدا برادەرەکەی
بەخێرایی پەلی داوێت
تیککە گۆشتێکی بۆ بێنێ
ئەو منداڵەی دانیشتبوو
کوێر بوو ..

(16)

# ژنانی شەو

ژنانی شەوم زۆر خۆش دەوێن
لەبەر ئەوەنا
دڵی بەرزیان هەیە
یان زۆر بە خەڵکی دەخەنن
بەڵکو یەکیانم بینی
باوەشی بە سەربازێکی خەمباردا کردبوو
نەیدەناسی
کیسەیەکی گەورەی میوەی
بۆ منداڵەکانی پێدەدا ..

(17)

# ئەو سەرەی بە سۆپا دەچێ

ئەو سەرەی بە سۆپا دەچێ
سەری هاوسێمانە
فرۆشیاری جل و بەرگی کۆنی سەربازی
ئینجا بەهۆی
هەڵگێڕ و وەرگێڕی جل و بەرگی سەربازان
تەواوی شەڕ دەبینێ و
بە گەرمی دەگەڕێتەوە ناو منداڵەکانی.

(18)

# باخچەی قوتابخانە

کە مامۆستا وشەی (شەڕ)ی نووسی
منداڵان بایەخیان پێ نەدا
زۆر چاوەڕێی پشوو بوون
هەندێ ئاو و شەربەت و
شەڕە دەنووکی جوان لە باخچەدا
کە گەورە بوون :
ناکاو خۆیان
لە سەنگەر و دارەمەیت و
بیناکانی خانەنشینیدا دیتەوە
گوللەیان بەدواوەیە
تەنێ ڕاویان دەنێ
بێ ئەوەی بایەخێک بەمە بدا
مامۆستا
کە وشەی (شەڕ)ی نووسی و
بە درێژایی وانە گریا ..

(19)

# بە نموونە

ڕۆژێ دونیا سەرسام دەکەم
بە نموونە
شەقێک لە جوانترین کچی شار دەدەم
پاشان لە باوەشی دەگرم ..
یان دەست و قاچگەلێکی دەسکرد
بۆ ئەو تۆلازانە دەکڕم
کە تا کێڵگەی مین خۆیان هەڵدا ..

یان دەچمە ناو هێلکەی چۆلەکەیەک
دەست بەسەر ئەو کۆرپەلەیە دادەنێم
کە جل و بەرگی سەربازی دەبینێ
بێگومان ڕقی لێم دەبێتەوە.
وەک مۆری ڕزق
لەگەڵ دەستفرۆشان دەنووم
یان لە کتێبەکانی قوتابخانەدا
وەک وێنەی زۆردارێک
بەڵام
من نەخۆشم دایە .. نەخۆش
دەرمانیش لە گۆڕستانە .

---

(*)**قاسم سعوودی** : شاعیرێکی عێراقییە ساڵی 1969 لە بەغدا لەدایک بووە ، تا ئێستا چەندان کۆشیعری بڵاوکردوەتەوە و چەند خەڵاتێکی وەرگرتووە لەوانە ، خەڵاتی ( الشارقە ) بۆ داهێنانی ئەدەبی .

**یان لی**

# بۆم بگەڕێنەوە

ئەو دەرگایەم بۆ بگەڕێنەوە !
بە پەنجەرەیەکی بێ قفڵ ..
ئەگەر بێ ژووریش بم
بۆم بگەڕێنەوە ..

ئەو کەڵەشێرەم بۆ بگەڕێنەوە !
کە هەموو بەیانییان
بێدارم دەکاتەوە ..
ئەگەر خواردبیشت
ئێسکی سەریم بۆ بگەڕێنەوە !

سترانی چیام بۆ بگەڕێنەوە
ئەگەر لەسەر کاسێتیشدا تۆمارت کردبێ

بۆم بگەڕێنەوە !
پەیوەندیم بە خوشک و براکانم
ئەگەر نیو ساڵیشی بەسەردا تێپەڕیبێ
بۆم بگەڕێنەوە ..
ئەو بۆشاییە خۆشەویستەم بۆ بگەڕێنەوە !
ئەگەر ڕۆژگارێکیش بێ بەکارت هێنابێ
بۆم بگەڕێنەوە !
گۆی زەویم بۆ بگەڕێنەوە ..
گەر بتکردبێ بە هەزار دەوڵەت و
سەت هەزار گوند ،
دیسان هەر بۆم بگەڕێنەوە .

---

(*) یان لی : شاعیرێکی چینییە ، ساڵی 1954 لەدایک بووە .

**لە گۆرانیی ئەسکیمۆییەکانەوە**

# (1) گۆرانی ڕاوچییەکی پیر

ئەوە منم ، لە بۆشایی ساڵاندا
بەسەر چیای شەختەبەندەوە وەستاوم
لە ناوەڕاستی تاریکاییدا
چاوەڕێی هاتنی (ئاسک) دەکەم
داخۆ بۆ دڵی پیر دێ ؟

ساڵ بۆ کوێ دەڕۆن ؟
ئاسکی دڵم پاش خۆرئاوا دەچێتە کوێ ؟
گەلۆ !
بڵێی وەک سەردەمی لاوی بمبینێ ،

ئەودەمەی باسکم وێنەی با
تیری منیان داوێت
تا ئەوەی دوورخەمەوە
چاوی گەنجان دەبینن ؟
داخۆ (ئاسک)ی دڵم
بۆ پیرێکی پەککەوتە دێتەوە ؟

## گۆرانی قاژ (2)

هەستن !
لە مت بوونی درێژی زستانە
بێدار بنەوە
کە چاوی سپێدەی تێدا قورس کردوون و
ئێوەیشی قورس کردووە ..
ڕۆژی ژیان ، لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێ
هەستن برایان !
قاژ خەریکە گۆرانیی دەچڕێ

ئێستا دەستی پێکرد
گوێتان لێ نییە ؟
هەستن !
مەهێڵن هاوین ڕا بکا
هەستن !
بەر لەوەی زستان دابێ
ئێوە لە  سپێدەی ئاخاوتنی گۆرانی باڵدارانەوە
نابیسن ..؟

(3)
## سترانی ترس

دوور گورگم بینین
دوو گورگی گەورەی سپی
لێم نزیک بوونەوە
بەدوای بۆنمەوە بوون
بەڵام من هەڵاتم
یەکیانم کوشت

ئەوی دی هەڵات
دیتم
لە سارای بەفردا ڕادەکا
دەترسا
منیش دەترسام
بەڵام من کە زانیم بۆنم نەبووە ،
دەستم کرد بە گریان .

**پووشکین**

# بێ ناونیشان

که ژیان هەڵیخەڵەتاندی
تووڕە مەبە و خەم مەخۆ !
ڕۆژانی پەستی هێمن بە !
ڕۆژی شادی ،
باوەڕ بکە ، چار نییە دێ

دڵ لە ئایندەدا دەژی
کە ئێستا خەمگینە .
هەموو شتێ بەسەر دەچێ ،
هەموو شتێک دەڕوا
ئەوەی دەڕوا جوانتر دەبێ .

---

(*)ئەلیکسەندەر پووشکین : مەبەست لە شاعیر و ڕۆمان و شانۆنووسی بەناو و دەنگ و ناسراوی رووسیایە کە بە میری شاعیرانی ڕووس ناوزەد کراوە .
ساڵی 1799 لە خانەوادەیەکی نەجیبزادە لە دایک بووە ، باوکیشی شاعیر بووە کە ئەمەش یارمەتی داوە لە پەرەپێدانی بەهرەیدا..
ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی هەیە لە ڕۆمان و شانۆ و شیعر.

(1)

# جاری خۆشەویست

وتی:
ئەم شەو ژوانمانە
پێش نوێژی فەجری ڕاستگۆ چاوەڕێم بە!
لە پێش پاسدار و
پیاوانی ئەمن ،
ئەوانەی کۆمەکی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە
من لە ژێرتدا دەبم
پێش ئەوەی بەیانییەکی تازە بدا و
بەر لەوەی دوو دڵیت بۆ بگەڕێتەوە ،
من لە ژێرتدا دەبم ..

لەسەر پێخەفی نەرمی سپیتدا ..
شەوقم بۆ تۆ دەموروژێنێ و
سەرسامم دەکا ..
بۆ لای تۆ دێم ..
دزە دەکەم ..
وەک ماری ئاوی
ترسم بە پێش خۆم دەکەوێ و
لەرزینم نائومێدم دەکا ..

تۆ چ ژنێکی ؟
ئەندامێک بەسەرمدا هاوار دەکا
لێی گەڕێ بنوێ
سەغڵەتی مەکە!

خۆشەویستم ،
کە لە ژێرتدا دەبم
دەزانم هەرچی بخوازی
دەتوانی پێمی بکەی ..

بەڵام کە من لە ژێرتدا دەبم
ئازادیم وەردەگرمەوە ،
کە مرۆڤایەتی ،
لەبەر دوکانەکانی خەوبینان
لێی داگیرکردووم ..
دەزانم
من وەک ئەستێرەیەک دەتبینم
خۆت بۆ من مەڵاس دەدەی و
دەتەوێ بکەویە ئامێزم
بێگومان دەکەویت
پێش بانگی سبەینان
چاوڕێم بە !
نوێژ مەکە !
پێکەوە نوێژ دەکەین ..
پاش بانگی سبەینان
بەر لەوەی ئەستێرەیەک بڕژێتە کەنداو ..
نامەوێ هەر خەونت پێوە ببینم

مەنوە !
تۆ بە بێداری لەوپەڕی جوانیدای
هێشتا دڵم بۆ شتێک لێ دەدا
بۆ پێشهاتێک ..
شەو بۆچی ئەوەندە درێژ بووەوە ؟
من بۆ دەلەرزم ؟
ترساو ..
شڵەژاو ..
وەک قوتابییەک مامۆستاکەی پێی دەڵێ
مەریەم وەرە سەر تەختەڕەشە !
مامۆستا چۆن ناوی منی زانی !
بۆچی لە هەمووان بەتەنێ من ؟
ئەمڕۆ دەفرێکی گەورەمان
لە قیمەی (ئەبو عەبدوڵڵا) بۆ نارد
باوکم باشی دەناسێ و
دایکم هەمیشە سەردانی دەکا ..
عەبدولباری برا گەورەم سڵاوی لێ دەکا ..

تکایە پێم مەڵێ
مەریەم بنووسە .. !
چی لەبارەی ژیربێژییەوە دەزانی مەریەم ؟!
ئەمشەو نەچیتە ژوانەکەت و
چاوەڕێی کەس مەکە !
پێش سپێدە و دوای سپێدە
کەس نایێ
کەس سەرەڕۆیی ناکا
لە سنوور بدا ،
لە سەگی برسی دەترسن
کەس بۆ تۆ ناپەڕێتەوە
بمێنەوە مەریەم !
بەخۆ و بیروڕا ماندووەکانت .
تکایە دەستم لێ مەدە !
کە مەلا بانگی دا
دەستم لێ مەدە !

له گەرمای بەتینی خۆم لێت دەترسم
هەناسەم ،
کە پەپوولەی ڕۆژێ بەرز دەکاتەوە
له فەهرنایت
کەس لە گەرمان نامرێ
لێکۆڵەر لێم دەپرسێ
ناوت چییە ؟
چ کارەی ؟
بیر لەچی دەکەیەوە ؟
پێش بانگی بەیانیی ڕابردوو لە کوێ بووی ؟
کە سەرمەستیی دێ
هاوار دەکەی ؟
تەئیدی جیابوونەوە دەکەی ؟
کەڵوەکەت چییە ؟
کام خواردنت لا پەسندە ؟
پاش ڕۆژهەڵاتن دەنوی ؟
دڵداری دەکەی ؟

تکایە
لێم مەپرسە !
حەزم لە چییە ؟
لێکۆڵەر وەک زنجیرە دراماکانی تورکی
ئەوانەم پێ دەڵێ ..

بمبە و
لەسەر بەردێک لە کەنداو
لە خاچم بدە !
من کەس ماچی نەکردووم
هیچ ژنێکیش حەزی لێ نەکردووم و
هەرگیز لای لە جەستەم نەکردووەتەوە ..
جارێک خۆشویستووە
ڕەش وەک
چاوە خەمبارەکانی تۆ
نەرم وەک سکت و
گەرم
زۆر گەرم

تژی خەم
وەکو دڵم
بە شکایەت ،
گریاو
وەک گومبەزەکانی کووفە
بەڵام ئاسان
وەک گوڵێکی ساویلکە .

(2)

## خودایە
## لە تفەنگمان زیاتر بە دەستەوەنەماوە
## مەگەر وا نییە ؟

نا خودایە

نا

تکات لێ دەکەم

مەیکە بە شەڕی سێیەمینی جیهان

شەڕی دووەمینی جیهان

بایی خۆی درێژ بوو

زۆر درێژ بوو ..

عاشق بین و

هاوسەرگیری بکەین ومناڵمان ببن

که تێیدا مردن ..
زۆریش وەڕسکەر بوو ..
قاوەخانەی بەڕازیلی لێ دابخەن
که ڕۆڵەکانمان تێدا پێگەیاندن
ئەوانەی له شەڕی دووەمی جیهان
لەو قاوەخانەیەدا مردن ،
ڕژێم داینەخستبوو ..
به چەندان ساڵ پێش ڕووخانی ڕژێم ،
ئەو قەسیدانەمان لێ دەخوێندنەوە
دژی ڕژێم نووسیبوومان ..
قاوەمان تیا خواردبووەوە و
به دوای هەڵسوکەوتی
کۆمۆنیستەکانەوە بووین و
چاودێری جاسوس و
پیاوانی ڕژێممان تێدا دەکرد ..
نەخشەمان بۆ شۆڕش دەکێشا
که هەرگیز سەرنەکەوت ..
پێش ئەو شۆڕشەی له مەککەدا بەرپا بوو

پێشی ئەو شەڕەیش
هیچ حیسابێکت بۆ نەکرد خودایە !
ڕەزامەندیشت لەسەر نەدا ..

لەو شەڕەدا خودایە
شیوعییەک خۆی نەکوشت ..
کەسیش لە سەر
(مالک بن رەیب) نەگریا .

نا خودایە
وا مەکە وەک ئەوانی دی کردیان
شەڕیان هەڵگیرساند
تا ( ئەریک ماریا ڕیمارک )
( هەموو شتێک لە بەرەی ڕۆژئاوادا هێمنە )
بنووسێ ..

بەڵام  هەموو شتێک
لە بەرەی ڕۆژئاوادا  هێمن  نەبوو .
لەوێ چیرۆکێکی خۆشەویستی هەبوو
 ڕووبارێ دەڕۆیی ..
پڕ بوو لە ماسی ئۆپۆزیسیۆن ..
خودایە ئێمە هیچ ڕەئییەکمان !
لە هیچ شەڕێکدا نەبووە ،
لە پێناوی نەتەوەی عەرەبیدا
عەبدولناسر
ڕەوانەی یەمەنی کردین
تا یەک بە دوو
لە بەرامبەر سعوودییەدا بدۆڕێنین ..
بۆ( کاوڕی مالوین) یش
خاتوو تاچچەر
شەڕی دژی ئەرژەنتین ڕاگەیاند
تا پیاوەتی خۆی
بەرامبەر پیاوی ئەورووپایی بسەلمێنێ ،
کە لە شەڕ وەڕس بوو ..

لە پێناوی
(چۆن چییە) و
(چوزانم چییە) دا ،
ئێران شەڕی دژمان ڕاگەیاند ..
ئێمەش شەڕمان
دژی ئێران ڕاگەیاند ...
ئێران شەڕی دژمان ڕاگەیاند ...
ئێمەش شەڕمان
دژی ئێران ڕاگەیاند ....
چونکە ئێمە لەوانەیە
ئەوەمان بە جوانی ئەزبەر نەکردبێ ،
بڵێ ئێوە ئەی کافرینە !
ئەوەی ناپەرستم ئێوە دەیپەرستن
تا نەچنە کوێت و
نەیکەن بە پارێزگایەکی نوێ ..
لەو شەڕەدا ،
کەسمان لێ نەچوو .

بەڵام زیانی زۆرمان
لەسەر ئەو قیرە ڕەشەدا پێگەیی .
پاش ئەوەی لە( شەوی لیشبۆنە)دا
دانمان بە هەموو شتێک نا
زۆرم چاوەڕوان کردی خودایە !
لەو شەوە خەمگینەدا
لە بەرابەر پیاوێکی بێگانە
هەرێی ئازادی پێدا بووم و
پلیتێکی کەشتی بەرەو نیۆرۆک ..
خەون بە ئاشتی و
بە سێوێکی گەورەوە دەبینم .
بەغدا - سویسرا

---

(*) **قاوەخـانەی بەڕازیلـی** : قاوەخـانەیەکی کـۆنی بەغـدایە لە شـــەقامی ڕەشـــیدە ، شـــوێنی پێگەیشـــتنی زۆر لە نووســـەرو ڕۆشنبیران بووە..

* **مالک بن ڕەیب** : شاعیرێکی عەرەبە ، بە ئازایەتی بەناو وبانگ بووە بەڵام ئازایەتی لە چەتەیی و ڕێگریدا بەکار هێناوە ، تا ڕۆژێ سەعیدی کوڕی عوسمانی خەلیفەی سێیەمی ئیسلام بۆ شەڕێک لەگەڵ خۆی دەیباتە خوراسان ، دەڵێن لە ڕێگای گەڕانەوەیدا لە

جێگـایەکی بـێ بانگوهـاوار مـار پێـوەی دەدا ، هەسـت بە کۆتـایی ژیانی  دەکا و قەسیدەیەک بۆ مەرگی خۆی  دەنووسێ کە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا ناوبانگێکی زۆری هەیە ..

(*) **ئەریک ماریا ریمارک:** ڕۆمانووسی بەناوبانگی ئەڵمانی کە زۆر لە ڕۆمانەکانی لەبارەی شەڕەوەن
بەتایبەتی شەڕی دووەمی جیهان .. لەوانەیش
( هەموو شتێک لە بەرەی ڕۆژئاوادا هێمنە ) و
( شەوی لیشبۆنە )..

**وەرگێڕ**

(*)**عەلا ئەلعەبیـادی :** شـاعیرێکی عەرەبـی عێـراقییە ، ساڵی 1951 لە شاری نەجەف لە دایک بووە ، زیاتر لە بەغدا نیشتەجێ بووە و هەر لەوێش خوێندوویەتی ..

## شاعیری تورک ڕوشتو ئونور

(1)

# ڕوختە

کە دەمرم دایە
تەنیا ئەو تەڕایەتییەت بۆ دەمێنێتەوە ..
لە بری قەرز ،
قەساب چاکەتەکەم دەبا
بەقاڵ باڵتۆکەم ..
بەڵام
چی لە دوای مندا ڕوودەدا
لە چیرۆکەکانی دڵداری
لە قەسیدەکانم ..
ئەی تۆ
چۆن بە تەنیا
ڕووبەڕووی ڕۆژت دەبیەوە ؟

چۆن تەماشای
سیمای خەڵک دەکەی
بە کورتی دایە
هیچ سامانێکم ،
لە عەمبارەکاندا نییە و
هیچ ژنێکیش لەماڵەوە ..
بە ڕووتی هێنامتە دونیا و
بە ڕووتیش دەڕۆم .

(2)
## بەختیاری

من ئازاردەر نیم
من ،
وەکو هەنگم لە شانە و
وەک مەل لە هێلانەیدا
بە ئیش و کاری خۆمەوە سەرقاڵم و
لەژێر شەپقەی خۆمدا دەژیم
خەندەم ،

كە هیچ بیانوویەكی نییە
لە خۆشیان ،
بەڕێوباناندا دێ و دەچێ ..
ئەم شێتییەش ،
تا دەگاتە ئەوپەڕی شێتایەتی
لە ناخمەوە دێ ..
من لاڵ نیم تا بێدەنگ بم
وێنەی مردووان
لەم دونیایە جوانەدا .

## (3)
## نۆستالیژیا

دەبێ بزانی
شارە خۆشەویستەكەم
من بێ خەون ژیام
وەختی خەوتنی كرێكاران
هارمۆنیكەم

لە شەقام لێ دەدا ..
تۆ بۆ منی
شارە خۆشەویستەکەم
وەک دەست و چاوەکانم
شارە خۆشەویستەکەم
ئێستا ،
هەموو شتێک ئامادەیە
بەجێت بێڵم
کەشتی ئامادەیە
چارۆگەکان بۆ تەی کردنی دەریا
کراونەتەوە ..
بەڵام بۆچی
مردوو یەخەم بەرنادەن ؟

---

(*)**ڕوشتو ئونور :** (1929ـ1942 ) ماوەیەک مامۆستا و ماوەیەکی دیکە فەرمانبەر بووە لە کانگەکانی خەڵوز، وەک دەبینن بەگەنجی کۆچی دوایی کردووە، قەسیدەکانی لە زۆربەی ئەنتۆڵۆژییاکانی شیعری تورکیدا هاتووە و بەهەند وەرگیراوە.

# ئەگەر ئارەزووت لە من نییە
# گەنج لەو دەوروبەرەدا زۆرن

**(نموونە لە شیعری ئیرۆتیکی چینی)**

**(1)**

## ئارەزوو

ئەگەر حەزت لە منە
جلەکانت داکەنە و
ڕووباری (زەهین) بگرە بەر
بە مەلە وەرە لام ..
ئەگەر حەزت لە من نییە ،

گەنج لەم دەوروبەرەدا زۆرن .
گەنجی کێوی!
ئەوەندە کێوی مەبە !
ئەگەر ئارەزووی من دەکەی
جل و بەرگت داکەنە و
ڕووباری (وی) بگرە بەر ،
بە مەلە وەرە لام ..
ئەگەر حەزیشت لە من نییە
لەم دەوروبەرەدا تۆلاز زۆرن
لاوی کێوی ، ئەوەندە کێوی مەبە !

## (2)
## دەرکەوتنی مانگێکی سپی

مانگی سپی دەرکەوتوو
جوانیی درەوشاوەی تۆیە ..
بە نەفرەتان دیلم دەکەن
دڵم هەلا هەلا ..

ماهی سووکەڵە
وەک خانمی من
شەوق ئەداتەوە ..
بە کۆتی ڕوناهی پەیوەندم دەکا
تا دڵم لەت و پەت دەبێ ..
ماهێکی گڕگرتوو بە شکۆیەکی سپی
تۆی تەنیا تۆی قەشەنگ
بە تەنیا تۆی برینانم داوێێ
تا دڵم هەلا هەلا دەبێ ..

## (3)
## گیای هەڵچووی کێڵگان

لە کێڵگاندا گیای هەڵچوو
بە شەونم دەدرەوشێتەوە ..
ئەوەتا کیژێکی سەرنجڕاکێش هات
چاوی
وێنەی کانی ڕوونن ..

بەرەو ڕووی دەبمەوە
دەڵێی ڕێکەوتە
تەواو وەک ئەوەی
نەخشەم بۆ کێشابوو ..
لە کێڵگاندا ،
گیای بڵند هەیە
بە شەونم هەڵدایسێ
ئەوەتا کیژی جوانکیلە
ڕوو بە ڕووی دەبمەوە
وەک بڵێی ڕێکەوتە ..

(4)

## وەرە خۆمان بشارینەوە
## کەس نەمانبینێ

تا کەس نەمانبینێ
زهۆنگزی لێت دەپاڕێمەوە!
لێت دەپاڕێمەوە زهۆنگزی!

مەیێ گەڕەکی ئێمە
چڵی شەنگەبی مەشکێنە
من خەمی شەنگەبییانم نییە
لە کەسوکارم دەترسم
حەزم لێتە
بەڵام لە لۆمەی
کەسوکارم دەترسم
لێت دەپاڕێمەوە زهۆنگزی !
بە دیواری ماڵێماندا هەڵمەگەڕێ !
لقی دارتووەکە مەشکێنە
من خەمی دارتووم نییە
لە براکانم دەترسم ..
حەزم لێتە ..
بەڵام ترسم لە قسەی براکانمە
لێت دەپاڕێمەوە زهۆنگزی !
مەیێ ناو ڕەزمان
لق و پۆپی
دارسەندەڵەکە مەشکێنە

من خەمی دارسەندەڵم نییە
لە قسە و قسەڵۆکان دەترسم
حەزم لێتە ..
بەڵام
لە دووزمانی خەڵک دەترسم ..

**ڕیچارد هۆڵزنبک**

# کۆتایی دونیا 1916

کار لەم دونیایەدا
بەم بارە کەوتووەتەوە ،
مانگا بەسەر دارتێلی تەلەفۆنەوە
چوارمەشقی دانیشتووە شەترەنج دەکا ..
باڵدار ،
لەژێر تەننوورەی
سەماکەرە ئیساپانییەکاندا
وەک شەیپوورژەنی
بنکەی سەرکردایەتی
بە خەمگینی دەخوێنێ ..
دەسکی زەنگ ،
بە درێژایی ڕۆژ دەلەرێتەوە ..

ئا ئەوەیە کێڵگەی وەنەوشە
کە موختاری بەڕێز باسی دەکا ،
کاتێ چاوێکی لە دەست دا ..
تەنێ فەرمانگەی ئاگرکوژێنەوە دەتوانێ
مۆتەکە لە دیوەخان دەربکا ..
بەڵام هەموو سۆندەکانی ئاو کار ناکەن !

ئای هەی سۆنیا !
گشتیان ،
لەباتی منداڵان ،
پڕیان داوەتە
بووکەڵۆکەی سلیلۆز و
ڕۆیشتوون هوتاف بکێشن:
خوا پاشا بپارێزێ !
یانەی یەکتاپەرستان هەموویان
بەسەر کەشتی (مایربیر)ـەوەن
کەچی تەنیا کەشتییەوان
هەندێ شت لە ئاوازی ( دۆ ) دەزانێ..

من ئەتڵەسی توێکاری ،
لە پەنجەی پێم دەکێشمەوە ..
کەچی خێرا
توێژینەوەیەکی بەڕاستی دەست پێ دەکا
(ماسی)تان دیوە
بەدرێژایی دوو ڕۆژی ڕابردوو
بە پارچە پارچەیی
لەپێش ئۆپیرادا وەستاوە ؟

ئاە..
ئاە ئیبلیسە بە ترسەکان !
ئاە .. ئاە .. هەنگەوان !
ئەزبەرکەری دە ڕاسپاردەکە و
کەوانەی هوس هوس ..
هەروا بو وو
کە ئەمڕۆ نازانێ
(هۆمیرۆس)ی باوکمان چی نووسیوە ..

من شەڕ و ئاشتی دەگرم
لە کاتێکدا جل وبەرگی زانکۆم پۆشیوە
بەڵام گێلاس دەکۆڵم ..
کەس نازانێ ئەمڕۆ
ئەگەر سبەینێ نەبێ
ئەوان بە لەپی دەست لە کات دەدەن
ئەگەر کەسیان دەمارێکی بەهێزی هەبێ
مووی کلکی
ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگر دەرکێشێ
ئەوە سەردەمێکی ناوازەیە .
مامۆستایانی زیندەوەرزانی
لە کێڵگەدا کۆدەبنەوە و
بە لەپی دەستیان ،
پەلکەزێڕینە دەگەڕێننەوە ..
جادووگەری مەزنیش
تەماتە لەسەر نێوچەوانی دادەنێ ..
جارێکی دی سەردانی قەڵا دەکەی و
بە بیابانە فراوانەکاندا دەسووڕێیەوە

ئاسک هاوار هاواریەتی و
ئەسپ قیت دەبێتەوە
(ئا ئەوەیە جیهانی ئێمە
ئەمەش هێشتا وەختی ماوە ) .

---

**( * )ریچارد هۆلزنیک :** یەکـــــــێکە لە دەســــــــتەی دامەزرێنەرانی بزاڤی دادا .

شاعیری کۆری کو ئوەن

## شیعری بەجێهێشتراو

ئەگەر لە توانادا بووایە
ئەگەر بەڕاستی بلوایە
بۆچی چەند چرکەیەک نەبوو ،
بتوانین لە نوێوە ،
لە ڕەحمی دایکانمان ،
ساتی لە دایک بوون
دەستمان پێ کردبووایەتەوە ؟
ژیان هەمیشە لەسەریەتی تەنێ ،
گوێ لە دەنگی
شەپۆلە هاتووەکان بگرێ

❊

لەگەڵ ئەوەشدا
نابێ پشت لە ڕێی ڕۆیشتنمان بکەین
سیپاڵی ساڵان
کە پەلم پێ کوتان
وەک شڕوشیتاڵی شۆراو
لێرەو لەوێ هەڵدەفڕن ..
❊
کە هەژار بووم
تەنانەت فرمێسکیش نەدەهاتن
❊
لە هەندێ ئێوارەدا
پشتی ساردم
بە پشکۆی دامرکاوەوە
گەرم کردەوە ..
ئینجا بە ناچاری سوڕامەوە
سنگم گەرم بکەمەوە ..
لە شەوانی دیدا ، قەسریم و
زۆر بە سادەیی ڕەق بوومەوە ..

چەندی ڕۆژانی نەژمێردراوی سبەی
دەبنە ئەمڕۆ
من زۆربەی جاران ،
تەنێ غەریبێک بووم
لە کورسییەکی پشتەوە ..
چیاکان لە زەردەپەڕدا ،
قووڵ قووڵ بوون ..
ئەو ڕێگایەی لە سەرم بوو بیبڕم
وا دەردەکەوت
درێژتر بێ لەوەی پێیدا هاتووم .

❊

با هەڵیکرد..
هەڵیکرد..

❊

ئەوە ڕۆح بوو دەیلوراند ،
یان شیعر ؟
هیچ ڕۆژێ خەم

کڕین و فرۆتنی لەسەر نەبووە
کەوایە خەمبار بە!
وەک چرایەک
بە درەنگەوە ، دوور دەوەستیٚ..

*

لەوانەیە ، لە هەستم بەدەر
هیچم بەجیٚ نەهێشتبیٚ
کە شتێکم
لە دوای خۆمدا جیٚهێشتووە
لە کاتێکدا
تەم پەرت دەبوو ..
لەو جێیەی لێی بووم
خێرا هەستام
ڕەنگە لە کەناری ڕۆژئاوا بوو بیٚ
نزیک
ڕادیکاڵترین تۆقەڵان
لە نیوەدوورگەی تایان .
بڵێی ئەوە ڕۆحێک بووبیٚ

له قۆناخێک
له قۆناخه‌کانی ژیانمدا ده‌یلوراند
یان شیعر ؟

---

***کو ئوه‌ن** : شاعیری کۆری کو ئون ئابی 1933 له‌دایک بووه ، یه‌کێکه له پڕبه‌رهه‌مترین شاعیری کۆریای سه‌ده‌ی ڕابردووه . به‌هۆی چالاکی سیاسی و داکۆکیکردنی له دیموکراسی له وڵاته‌که‌یدا زیندانی کراوه ، بۆیه به شاعیری به‌رگریکار ل نیشتمان و هاونیشتمانیان ناسراوه .

**عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی**

# مەرگ لە ئیسفۆردا (1)

بۆ یادی ( نازم حیکمەت)

(1)
دوای شەوی هەزارە و
پاش ساڵی دەیەم ،
بە ئەستەمبۆڵ دا تێپەڕیم
گەیشتمە هاوڕێیان :
هەندێکیان مرد بوون .

هەندێ پیر ببوون و
هەندێ خیانەتیان کردبوو ..
تریفەی مانگی لە (بسفۆر)دا هەڵاتوو
پاش شەوی یەکەم ..
هەندێکیشیان – وەک خۆیان ماونەتەوە
کە بەجێم هێشتبوون –
بەناو وێنە و
شیعر و مەی و خۆشەویستیدا ..
بەرەو شاری خەون دەچێ و
هەر وەختێ (تەڕوادە)
لە خەونەکانیدا گەمارۆ دەدرێ .. دەگری

( گریکەکان ) شوورەکانییان کوتایەوە و
ژنەکانیان لاقە کردن
مەینەتی هەژاران ،
وەختێ گەمارۆ دەدرێن و
بەسەر شوورەی
ئەو شارە شەهیدانەوە

له بێن دەبرێن
دەگری و .. ناگری ..

بە هاوڕێیان گەیشتم :
یونسەشەل مردبوو
یوسفی زیندانیش لە سەرچاوە بوو
هێشتا بۆ (مەدرید)
لە کەشتیەکی کاغەزیدا کۆچ دەکا و
بە تێکشکاوی ،
پاسەوانی بەندیخانە
لە سەرچاوەدا فریو دەدا . .
( شێخ بەدرەددین)یش لە عەبایەکی سووری
گوڵاڵە سوورەدا
لە دەمارەوە بۆ دەمار سەربڕاو
ماهی ڕەشی ناپاکی
لە بازن و گوارەی ژنان و
مەیخانە و بازاڕ و
گەمییە سپییەکانی بسفۆر دایە ..

کرێکاری بەندەرەکە ،
بە جل و بەرگی شینەوە
لە مەیخانەدا
تارمایی بوو بەسەر کورسییەکەیەوە
فیلەتەنێکە بێ چەک :
وەک بڵێی بە شمشێری برووسکە
لە دەریامان نەدابێ
یان تێنەپەڕیبووین ،
لە پێناوی ئەوەی شەوی ئادەمزاد
—خوداوەند — باڵداران
ڕووناک بکەینەوە ..

هەندێکیان
وەک بەجێم هێشتبوون
وا مابوونەوە
بەسەر شانۆی چۆل و
لە سێرکدا ،
بەسەر پشتی ئەسپێکی دارینەوە

نمایش دەکەن .
هاوڕێیان ،
بەسەر شۆستەی بەندەردا
لەسەرخۆ
دەبنیسان و دەمردن ..
لێ سترانبێژ ، بە گۆرانییەکانی
بەرەنگاری
سیس بوون و مەرگ دەبووەوە و
لە دۆزەخیدا ، هەڵقرچاو
شەوی ئادەمزاد و خوداوەند و باڵدارانی
ڕووناک دەکردەوە.

(2)
دوای تۆ
مەرگ و جودایی لە ئەستەمبۆڵ
گەمەی چاولەڕێی هەڵخەڵەتاوی دەکرد
( مننەوەر ) شووی کردەوە و ڕۆیی ..
ئەوانی دیش پردەکانیان سووتاند .

(3)

بەرەو قوڵایی شۆڕ دەبیەوە
بەڵام نقوم نابی ..
داخۆ لە تاراوگەدا ،
بەرەو سوڵتانخانی عەشق
بەسەر هەورێکی سەوزەوە گەڕایتەوە ؟
ئایا حەریم و مانگت
لە چاویدا دی ؟
ئەستێرەی جەوسەر
نهێنی نادرکێنێ ..

دەگریم
وەختێ کەنیزەی چاو زەیتی
دەروازەی باخچەم بۆ دەکاتەوە
کە مافووری سوورم لەژێر پێدا ڕادەخا ..
( یونس ) بە دارشەقەکەی
بەدوامەوەیە

سوڵتانی مەملەکەتی مەرگ :
منم
ئەو پۆستەچییەم ،
فرمێسک و شەختە و خۆری
بۆ عاشقان هەڵگرتووە ..

سەرچاوەکانی بەهارت
لە پەنجەرەی زیندانەوە : دیوە ؟
یا شەمەندەفەری شەو
کە لوورەی ،
لە ڕەشەبایەکی بەفریندا دەنێرێ ؟
بە قژی سوورییەوە کۆت کرا بووم ..
بەرەو مەنفایان ڕاپێچ دەکردم
دەلوورێنم و کۆت دەگەزم
کێ لە مندا دەڕوا و ناگەڕێتەوە ؟
بینیت ؟
شتێک نییە
لە ژاوەژاو و

چەپڵەی هۆڵەکان زیاتر
شەو لە هەموو شوێنێکدا بوو
منیش بە قژییەوە کۆت کرابووم
وەک کۆیلە
بەدوایەوە بووم
بینیت ؟
یوسفی زیندانی
ببووە جاسووسی دەسەڵات ..
کرێکاری چیکەنە و
چاپخانەی نهێنی بووە .
ڕۆژگار وەرسووڕا
بەفر بەسەر دەروازەی
باخچەدا باری
من ،
سوڵتانی مەملەکەتی مەرگ
بەدوای گەورەوەمم
بەرەو تاراوگە ..
میراتم ، گۆڕی شەهیدانە

تا ماوم
میداڵەکانییان ،
لە دەرەوەی هۆڵی پاشا و
دزیکەرانی شیعر و
هۆزە نوێیەکان .. هەڵدەگرم

هاوڕێیان هەندێکیان بزرکران
یان ون بوون ..
هەندێکیشیان هێشتا
بە ئازایەتییەوە
لەگەڵ کاروانە مەزنەکە دەڕوا و
یونسە شەلیش
هەر لەسەر بیروباوەڕی خۆیەتی
هەموو شەوێ
نەخشەی جیهان
بە دارشەقەکەی دەپێوێ ..
کە دەگەڕێتەوە گۆڕیش ،
دەست درێژ دەکا

خۆڵ لەسەر دەم و چاوی سترانبێژ
بسڕێتەوە ،
کە لە گۆرانییەکانیدا
بەرەنگاری
سیس بوون و مەرگ دەبێتەوە و
لە دۆزەخیدا دەسووتێ ،
شەوی ئادەمزاد و خوداوەند و باڵداران
ڕووناک بکاتەوە .

(2)
# ڕۆژژمێری عاشقە هەژارەکان

(1)

جیهان
بە گەف و شیعر و
شۆڕش و کۆچ و مەرگ
زەوت دەکەین .
بە شەکەتی
لە شۆستەی مێژوودا دەکەوین
لە کانگەی خەڵوز و
بنمیچی سەهۆڵدا
سیس دەبین ..
بە پێوە دەمرین .
لە غەریبیماندا دەمرین
لێ لە نوێوە
لە منداڵدانی شەو و
باڵای چیاکانی زەوی

لە دایک دەبینەوە .
تاجی ئەشکەنجەی ڕەتکردنەوەمان
لەسەر ناوە و
گۆچانی خۆرمان هەڵگرتووە ..
سپێدە
بە شەوی درێژی جیهان
زەوت دەکەین
بە مردوویەتی
دەریا
بۆ شارەکانی ئایندەی دوور
تەی دەکەین ..
ئاڵای یاخی بوونی
تیا هەڵدەکەین
بە زیندوویی
لە بەندیخانەکانیدا دەمرین
شکۆیەک بۆ مێژوو دروست دەکەین .

(2)

زامەکانمان لە هاوار کەوتن
بوو بە شارێک و ڕووبارێک
لە سەفەری مەرگدا
بەدوای کەنارێکدا دەگەڕێ ..
بەردێکی ڕەش ،
لە مەملەکەتی وێرانەدا
باران دەیشواتەوە و
ئومێدێک
لە لێواری بێهیوایی
ئادەمزادە دوابڕاوەکان
پەنای گرتووە و
قەرەجێک
بەسەر ئەسپی خەمبارییەوە
بەدوای نوور
بە دوای عایشە
لە شارەکانی ئایندەی دووردا
زەمین دەپێوێ ..

لە غوربەتیدا دەمرێ
لێ جارێکی دی
منداڵێکی بێ ئەسپ
لە دایک دەبێتەوە ،
زراو ڕژاو
لە شەو و ڕۆژ و
لە یەک بەدوای یەک هاتنی
ڕۆژگار و وەرزەکاندا
دەستی بۆ بەژنی چیای زەوی
درێژ دەکا و
ڕووتیی خەوتوویشی
لە خێوەتی ئاگری ڕۆژهەڵات و
زەردەپەڕی کوژاوە
بەسەر لووتکەی چیاو باناندا و
دەنگی گڕ بووی
سنگی کەشتیی
کەشتییەوانە مردووەکان و
گیای ئەشکەوتەکانی نوور و

دوورگەکانی یاقووت دەدەفێ ..

(3)

ماهی گریان ، بۆ بولبولێک
بۆ وەختێ
کە هەڵدێ و ڕادەکا و
نەخشەی تاوان
لە بەرد ئاگر
لە دەفتەرە شینەکانی منداڵیدا
دەکێشێ ،
بۆ هیوای لە گۆڕنراو
بۆ شۆڕشی ڕووباران
لە نامۆییاندا و تەنیایی پردان
بە مردوویی
دەریا تەی دەکەین ..
لە بەندەرێکەوە بۆ بەندەرێکی دی
دەنەڕێنین و
کەشتییان دەسووتێنین

هەرچی بووە و دەبێ : نەبووە !
(4)
گوڵی سوور
لە باخچەی زستاندا
چی بە بولبول دەڵێ ؟
(5)
لە خەوندا
باوەشی پێداکردم ،
جەستەی تادارمی
بە گوڵ داپۆشی
گوڵەکانی ماچ کردن ..
هەستم کرد
خاک سیمای بە نوور داپۆشیوە و
بڤە ڕوویدا ..
دەستی بەرەو باخچەی من هات و
گوڵەکان
لە ئاگریدا سووتان و
باڵداری

لە خەو بیێدارکردنەوە و
نمەی بارانی سوور و
بوومەلەرزە و برووسکە.
(6)
ئاگرپەرستانی ئەم چاخە
لە غوربەتییاندا دەگرین
ئەستێرە دەرنەکەوت
لێ دز و نەجیبزادە و
شاعیرانی
خەونی بەکرێدراو دەرکەوتن ..
شمشێریان
لە تەرمی منداڵان و
هەژارانی
شارە برسییەکاندا چەقاند
شایەدنامەی مردووان و
کتێبە پیرۆزەکانییان هەڵگێڕایەوە ..
(7)
نوور لە کوێوە دێ ؟

که ئێمە
لە هەموو سەردەمێکدا
بەرداش بووین
لە ریز بەستندا
کۆت و پەیوەند
بە کۆت پەیوەند دەگۆڕینەوە ..
زۆردار بە زۆردارمان دەفرۆشێ ..
پاشا بە پاشا ..
بەڵام ئێمە
خۆڕاگر دەمێنینەوە
بە پێوە دەمرین ..
بە پێوە دەریا تەی دەکەین ،
بۆ شارەکانی دووری ئایندە
جیهان
بە مەرگ و شۆڕش و کۆچ
زەوت دەکەین ..
لە غوربەتماندا دەمرین ..
بەڵام

لە نوێوە لە دایک دەبینەوە ..
لە نوێوە دڵداری دەکەین ..
لە نوێوە ڕەت دەکەینەوە ..
لە نوێوە
شۆڕش بەرپا دەکەینەوە و
لە نوێوە دەکەوینە تەڵەی
پاشا و زۆرداران.
لە مەیدانی شەڕی خەڵکی تر
سەردەبڕدرێین
گوللە بە دوژمن و برا وەدەنێین
زامەکانمان
بەسەر هەنییەمانەوە هەڵدەگرین و
مردووەکان ، بێ مێژوو بێ ناو
دەنێژین ..
بە زیندوویی لە گۆڕەکانییان
نیشتەجێ دەبین .
کاروانی مەزن
لە مەرگەوە بۆ لە دایک بوون

دەست پێ دەكەینەوە
لە هەموو چاخەكانی
هێز و ڕوناهییەوە
هەڵواسراو بە داوی
هیوای ڕەش ،
لە چاوەڕوانی ئاگر و تۆفاندا
دەمێنینەوە .

(8)
هەژارانی جیهانی تاڵانكراو
یەكگرن!
هەژارانی جیهانی تاڵانكراو !

## (3)
## مانگی شیرازی

دڵم بریندار دەکەم ،
شیعرەکانم
بە خوێنی دەدێرم ..
گەوهەرێک
لەبن ڕووباری مرۆڤایەتیدا
شەوق ئەداتەوە ..
پەپوولەی سوور هەڵدەفڕن
لە شیعرەکانمدا ژنێک لە دایک دەبێ
مانگێکی شیرازی
لە گوڵەگەنمێکی زێڕینی بادراو هەڵگرتووە ..
هەنگوێنی دارستانانی
لە چاودا دەگەشێتەوە و
خەمی ئاگری ئەبەدییەت
باڵی
بۆ لە شەودا دەڕوێنن و دەفڕێ ..

خۆرێک لە خەو هەستێنێ
لە تنۆکە ئارەقی درەوشاوەی سەر
هەنییەی عاشقدا نووستوە.
لە خەمی ڕەنگەکاندا
کە لە نێو تابلۆیاندا شێردراونەتەوە :
ژنێک مانگێکی شیرازی هەڵگرتووە
لە شەودا دەفڕێ..
گەمارۆی خەوم دەدا ،
دڵم بریندار دەکا ،
شیعرم
بە خوێنی دەدێرێ ..
شاران
لە بنی ئەو ڕووبارەدا دەبینم نقووم بوون
لە چاوەکانیدا سەرچاوەی گرتووە..
جادوویەکی هەنگوێنی
هەر کێ نزیک دەبێتەوە
چاوی تێدەبڕێ
یا پێچەوانەی تەوژم مەلە دەکا

دەیکوژێ..
هەموو ژنانی دونیا
لە ژنێکدا دەبینم
لە شیعرەکانم لە دایک دەبێ ،
خاوەندارییەتی دەکەم
تێیدا دەحەوێمەوە ،
بەرەو ڕووی شەودا دەقیژێنم
بەڵام باڵەکانم
بەسەر ڕەنگی شاراوەی ناو تابلۆیان
تێکدەشکێن .
(2)
شێت
بە ڕووباری
لە چاوەکانیدا هەڵقوڵاو
بە هەنگوێنی ئاگرینی گەشاوەی
ناو ڕووباری ئاگر
پێچەوانەی تەوژم
مەلە دەکەم .

(3)

مێژووی ڕووباران دەنووسمەوە
لە مەلی خۆشەویستی و
ڕووباری زێڕینی درەختان
دەست پێ دەکەم .

(4)

عاشقان
بە خوێنی من خۆیان دەشۆن و
غەریبانیش بە شیعرەکانم
لە مەنفادا
شیراز بنیات دەنێن .

(5)

خاوەندارییەتی دەکەم و
تێیدا دەحەوێمەوە
لە پەڕەمووچیدا
وێنەی یۆتۆبیایان دەکێشم
شاعیری تێدان .

(6)
به ڕووباری له چاوه‌کانیدا هه‌ڵقوڵاو
شێت ..
به لێشاوی سه‌رکێش و لافاو
به بڵێسه‌ی دڕنده‌ی برسی
مه‌له ده‌که‌م
بێ ئه‌وه‌ی بگه‌مه که‌نار
به سه‌رخۆشی نقووم ده‌بم.
(7)
باڵم لێک ده‌که‌مه‌وه و
له نیوه‌شه‌ودا بۆی ده‌فڕم
ده‌یبینم
نووستوه
خه‌ون به مانگی سه‌وزی شیرازییه‌وه
ده‌بینێ

به‌سه‌ر ده‌روازه به‌ردینییه‌کاندا ده‌گری ،
به لق و چڵی باخچه‌که‌یدا شۆڕ ده‌بێته‌وه و

تەنیا تێیدا دەمێنێتەوە ..
ژیانم نەدەبوو
خاک
بە ئامادەیی و نائامادەیی
تێیدا بوو
پڕ لە کۆچ و بە تەنێیی و
تارمایی مردووان..
ئەی گۆزەی
ڕوومەت بە توتڕک سوور و
گوڵی شاخاوی سپی
لەو سەفەرەدا
ببە بە توێشەبەرەی من !
لەم سەفەرەدا
ببە بە دوایین مەنفای نیشتمانم
تێیدا بحەوێمەوە و بمرم .
(8)
بە خۆشەویستی بڵێ (ئا)
یان بڵی ( نا ) .

(9)

بڵێ ( بڕۆ !)
یەکسەر دەڕۆم..
بڵێ ( حەزم لێتە )
یان بڵێ ( حەزت لێ ناکەم )

(10)

چاوەکانت
دوو چراوگی زێڕینن .
دەستت
دوو چارۆگە .

(11)

کارەساتێک
لەژێر ڕووپۆشی وشەدا
دەشارمەوە..
بە برینەکەم دەڵێم ،
( سارێژ مەبە!)
بە خەمم دەڵێم ،
( سارد مەبەوە !)

به عاشقان دەڵێم
( خۆتان به خوێنی من بشۆن !)
(12)
ئاگر ئاگر هەڵدەلووشێ و
خەمی عاشقه كۆچەرییەكانیش
له سارای خۆشەویستیدا
دەشارێتەوه ..
شیراز دەمێنێتەوه
ئێمەش دەمێنینەوه
له شەودا سەفەری بۆ دەكەین
سووتاو به ئاگری خەمی ئەبەدی ..
له سپێدەدا
باڵمان لێ دەڕوێن
دەفڕین
بەڵام پێش ئەوەی
كاروانی بگاتێ
دەیكەین به هی خۆمان
لێی دادەنیشین و دەگەڕێینەوه .

(13)

له سەرچاوەکانی نووردا
به کوژراوی دۆزیمیانەوه
دەمم
به توترکی سوور و گوڵی سپی شاخاوی بوو
باڵەکانیشم
له نووردا ڕوا بوون .

# بۆ ئێرنێست هەمنگوای (4)

(1)

لە ئیسپانیادا
مەرگ لە مەدریدە و
خوێن لە خوێنهێنەر
گوڵاڵەی زەرد و شەختە
لەژێر پێتدا
جەژنەکانی ئیسپانیا
بێ کەژاوەیە..

خەمەکانی ئیسپانیا
بێ سنوور ..
ئەو زەنگانە بۆ کێ لێ دەدرێن ؟

لۆرکا بێدەنگە و
خوێن لە ئینجانەی گوڵاندایە
شەوی غەرناتەیش
لەژێر شەپقەی
پاسەوانی شێر و ئاسندایە ..
دەمرێ و
منداڵانیش لە بێشکەدا
دەگرین ..
لۆرکا بێدەنگە
تۆیش لە مەدریدی

چەکت ئازار و
وشە و ئەو بورکانانەیە
ئاگراو هەڵدەڕێژن ..
زەنگەکان بۆ کێ لێ دەدرێن ؟

تۆ بێدەنگی و
خوێن
جێخەو و
دارستان و
لووتکە
بۆیە دەکا .

(2)
لێواری مەرگ
ئاگر لە دووکەڵدا و
مەی لە کووپە و
گوڵ لە بێستان و

وشە و
پاساری و
دەردی خۆشەویستی و ڕۆژگار ..
بێدەنگی دەریایان
کەشتییەوانی نیگەران کردن ..

هەبوو .. نەبوو
ململانێیەکی خوێناوی بەهێز
لە نێوان مرۆڤ و تاریکاییدا هەبوو

ئەمشەو
سەعات هەشت ،
لە باخچەی لە یادچووندا
پێکدەگەین و
شوێن
لە شەقامە نادیارەکانی شاردا
ون بووە و
کچێک فرمێسکی باراندن و

چاوی لێکنان و
ونم کرد ..

لە کتێبی
گەڕۆکەکانی ئیسپانیاندا
دۆزیمەوە ..
لەژێر ئاڵای گەلانی زەویدا
لەژێر ئاڵای مرۆڤ دا ..
گۆرانی دەچڕی ..

(3)
کۆتایی
مەرگ لەسەر جێدا
لۆرکا پێی وتم
مانگیش پێی وتم
ونت کردم ..
ژێ ونی کردی
وەڕسیی تۆی مراند ..

ڕۆیشتی و
بەهار لە ڕێگاماندا بوو
قەرەجیش کۆچیان کرد و
ڕەشماڵەکانیان سووتاندن
گوڵیش سووتا
گۆرانییەک
خوێنی لەبەر دەڕوا

وا بوو
پەیامبەرایەتی قەدەر
وای پێ گوتم ..

تۆم
لە شێخ محیەددین پرسی
وتی بەردێک لە دەمم دایە ..
پەیامی عەشق و خوداوەند
لەژێر پێی مانگ دان
کوشتارگەی دونیات لە دڵدایە و

شوێنەوار و
ستایشی خوا
شێخ محیەددینی برادەرم وتی
لە هەواڵەکە مەپرسە !
خەڵکی دەڕۆن و نایێنەوە
نهێنیش
بەسەر لێومانەوە
خۆی کوشت .

---

(*) **عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی :** (1926 – 1999) شاعیری عێراقی ناسراو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی شیعریی نوێی عەرەبی لە عێراق.
لە بەغدا لە دایک بووە و بکالۆریۆسی لە بەشی عەرەبی وەرگرتووە. لە نێوان 1980 تا 1989 لە ئیسپانیا ژیاوە ، لەو ماوەیەدا زۆر لە کۆشیعرەکانی کراونەتە ئیسپانی.
ساڵی 1991 چووەتە ئەردەن .. یەکێکە لەو شاعیرانەی لە شیعرەکانی بایەخی بە مێژوو و کەسایەتییەکانی مێژوو داوە و هەمیشە وەکو ماسک لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون.

**لویس ئاراگۆن**

# ئێلزا لەبەر ئاوێنەدا

لە چڵەپۆپەی کارەساتەکانمدا
بەدرێژایی ڕۆژێ
لەبەر ئاوێنەکەی دانیشتووە ،
قژە زەردە زێڕینە ورشەدارەکەی
دادەهێنێ ..
وەهام دەهاتە بەرچاو ،
دەستە ناسکەکانی
بڵێسە ڕێک دەخەن ..

لە چڵەپۆپەی کارەساتەکانماندا .
بە درێژایی ڕۆژێ
لەبەر ئاوێنەکەی دانیشتووە
قژە زەردە بریسکەدارەکەی
دادەهێنێ ..
دەتگوت (چەنگ)ێکی زێڕین
بێ بڕوا
لە چڵەپۆپەی کارەساتەکانماندا
دەژەنێ ..
چەندان سەعات
بە دیار ئاوێنەکەی دانیشتووە ..
قژە زەردە زێڕینە ڕەونەقدارەکەی
دادەهێنێ ..
وەک ئەوەی بە ویستی خۆی
قوربانی
بە یادەوەرییەکانی بدا ،
بەدرێژایی ڕۆژێ

له پێش ئاوێنەکەی دانیشتووە
هێشتا بەخێرهاتنی
هەڵاوی پەرش و بڵاو دەکا..
بێدەنگ
وەک هەر کەسێکی دی ،
بە ویستی خۆی
قوربانی بە یادەوەرییەکانی داوە
لە چڵەپۆپەی
مەینەتییە سەختەکانماندا ..
ئاوێنە ڕەشەکەی ،
وێنەی جیهان بوو..
شانەکەیشی
کە ئاگری ئەو بارستە ئاوریشمینەی
لوول دەدا
گۆشەی یادەوەرییەکانی منی
ڕووناک کردبووەوە ..

لەوپەڕی ڕۆژگارە سەختەکانماندا
وەک ئەوەی پێنجشەممە
بکەوتبێتە نیوەی حەفتە
خۆی لە ئاوێنەدا بینی
بێ ئەوەی قسە بکا
لە پێش یادەوەرییەکانیدا
دانیشتووە ..
ئەوانەی دی
لەم جیهانە تاریکەدا
ستایشیان دەکەین
ئەوانەی ڕۆڵی کارەساتەکانمان
دەنوێنن
یەک بەدوای یەکدا دەمرن ..
پێویست ناکا ناویان بێنین

تۆ دەزانی چ یادەوەرییەک
بەسەر ئاگردانی
ئەم ڕۆژگارە پەڕپووتەدا
دەسووتێ ..

❊

لە قژی زەردی زێڕینی
کە لەوێ دادەنیشێ
بە بێدەنگی دایدەهێنێ
گڕی لێ هەڵدەستێ .

---

(❊) **لویس ئاراگۆن :** ( 1897 – 1982 ) شاعیری بەناوبانگی فەڕەنسی کە لە هەمانکاتدا ڕۆماننووسیش بووە .
لە پێشەنگەکانی ئەدەبی ریالزمی نوێی فەڕەنسی بووە و یەکێک بووە لە لایەنگرانی کۆمەنیستەکانی ئەو وڵاتە.

# میرێکی سویدی
# لە بیست ساڵی تەمەنیدا

کەس لە میرێکی سویدی
بیست ساڵان بەختەوەرتر نییە
ئەو لە هەموو بەرپرسیاریەتێک
بە دوورە
ئەوەی لەسەریەتی بیکا ،
ئەوەیە بەختەوەر بێ .

کە زەردەمسکە دەبێتەوە ،
دونیا زەردەمسکە دەبێتەوە ..
کە پێدەکەنێ ،
دونیا پێدەکەنێ ..
کە سەما دەکا ،
دونیا گۆرانی دەڵێ ..

که ژنیش دێنێ ،
دونیا وێنەی ئاهەنگی زەماوەندەکەی
لە ڕیخۆڵەی تەلەفۆنە زیرەکەکەیدا
دا دەکا ..

قۆزە بە گوێرەی ڕەگەزی سپییەوە
دوو چاوی شین .. قژ زەرد ..
باڵا بەرز
شووش ..
ڕووخۆش و ڕۆحساز
بە ئەدەب ،
یان ئاوەها دەردەکەوێ !
ڕێکپۆش
تەنانەت ئەگەر تیشێرتی
یانەی (مالمۆ ئێف ئێف) یش بپۆشێ
مەلەوانی و تێنس دەزانێ
ئەسپسواری و
لامبۆرگینی سواریش دەزانێ

هەروەها چاوشین و
پرچ زەرد سواریش ..
بەڵام وەک دووپشکە ڕەشە بچووکەکان .

بەشی لە تەرخانکراوی بنەماڵەی پادشایی
لە خەمی هەژاری و
شەونخوونی سامان دەیپارێزێ .

ئەگەر لە یەکئەنوایی
ئاوازی بەفردا
هەستی بە دڵتەنگی کرد
دەتوانێ
سواری یەکەمین فڕۆکەی
بەردەستی بێ و
یەکسەر بچێتە پۆیرتریکۆ
لەوێ خۆلیا سلیڤا
ژەنیاری ماریمبا و
خوان ئەنتۆنیۆی

فرۆشیاری ماریوانا و
پابلۆ خۆسێی
فرۆشیاری هەیکەلە برۆنزییەکان و
ماریا لۆپیری
فرۆشیاری بیرەوەرییە گەرمەکان
لە پێشوازیدا دەبن ..
وڵاتەکەی لە خۆشیدایە
خۆشەویست و  میهرەبانە ..
نیازی نییە گوێ زەوی هەڵلووشێ
پەیوەندی
لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتاندا باشە
تا ڕادەیەک
بە سنگێکی فراوانەوە
پێشوازی لە بڕوادار و
بێ بڕوایان دەکا ..
هەروەها ئەو ژنانەی
لە نزماییان نائومێد بوون ..

کەواتە
پێویست ناکات نیگەران بین بۆی
هەمیشە باشە
بە کوێرایی چاوی
ئەستێرەی نیبیرۆ ..
کەس لە میرێکی سویدی بیست ساڵان
بەختیارتر نییە
هەموو دەیانەوێ بە شادی بیبینن
لە پێش هەمووانەوە خوا .

**شاعیری ئێرانی: خاتوو ئاسیا ئەمینی**

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

چەک
لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا
ڕەپ بووە ..
چەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا
دەگاتە لووتکەی ئۆرگازم ..
لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا
چەک دەپەڕێ ..
بزنسمانەکان
پەیامبەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن
لەشفرۆشەکان
لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

دەبنە قدیس
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بە ئاسانی دەوروژێنرێ
کە ئاسمان هەمیشە پەیامبەرایەتی پێیە ..

خوداوەند دێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

داخۆ ناوی بنێم دڵی جیهان
یاخود ( هین ) ی زەوی ؟

سنووری نێوان خۆشەویستی و شەهوەت
هەندێ جار لە گوللەیەک زیاتر نییە .

---

(هین) لە باتی (مهبل) ی عەرەبی بەکار هێنراوە .

## کۆرت شویتەرز

**ئەو قەسیدانەی**
**وەک قەسیدە دەردەکەون**

**(1)**

### ئەو ڕۆژە

ئەو ڕۆژەی
دەگەیتە تافی لاوی
کەچی هێشتا
یاری لەگەڵ
بووکەڵۆکەکەتدا دەکەی ..
تۆیش
وێنەی هەموو فریشتان
وەک لە پێشدا کردووتە

وادەزانی
ئەوانە کیژی شۆخن

وادەزانی
تۆیش وەکو ئەوانی
کە جحێڵ بووی ..
بەڵام ،
تۆ ئێستا پیری ،
سەرمات دەبێ
دەمری ..

(2)

## ئاسکەکە لەرزی پێوە نوساوە

کە شێر دەنەڕێنن ..
وەختێ کەمتیار بۆن دەکەن
ئاسکەکە دەلەرزێ
بەڵام هونەر زیاتر دەبەخشێ .

(3)

# قەسیدەیەکی لاڵ

کرمێک
بە قولابێکدا شۆڕدەبێتەوە .
ماسییەک کرمەکە دەگەزێ
قولابەکەیش دەگەزێ ..
قولابەکە ماسییەکە دەگرێ و
ئەوەتا ماسییەکە ،
بە قولابەکەدا شۆڕ دەبێتەوە ..
قولابەکە ،
ماسییەکە لە ئاو ڕادەکێشێ
ماسییەکە لە دەرەوەدا دەمرێ

قولابەکە ماسییەکە دەکوژێ .

کرمێکی دی
بە قولابەکەدا شۆڕدەبێتەوە ..
ماسییەکی دی
کرمێکی دی دەگەزێ و
ئەوەتا ژیانێکی نوێ
لە نێو وێرانەدا سەردەردێنێ .

(4)

# وەختێ ، کەسێ ، جارێ ، وتی

وەختێ ، کەسێ ،
جارێ
وتی :
کە برادەرێک جارێ وتی
کە برادەرێکی دی وتی :
من بە برادەری سێیەمم وت
کە برادەری چوارەم وتی
برادەری پێنجەم وتی
کە برادەری شەشەم وتی

من جارێ  وتوومە
کە جارێ نەموتووە دەڵێم
تا بە هەموو ڕاستگۆییەوە
بە هەموو برادەران بڵێ
کە من ڕاستە وتوومە
هیچم نەگوتووە.

## (5)
## بیری لێ بکەوە

چوار ڕێهەڵکەن
لەسەر بانێکدا وەستا بوون
یەکەمیان وتی « ئۆف »
دووەم : « کەواتە چۆن دەگونجێ »
سێیەم : « ئەو بانە بەرگەمان بگرێ ،
لە کاتێکدا »

چوارەم : « ئەو بانانەی
بێ کاریتەن ناتوانن »
لەو دەمەیدا
بان ڕما و کەوت
بینیت چۆن .....؟

---

* **کۆرت شویتەرز** : ساڵی 1887 لە هانۆڤەر لە دایک بووە . هونەری لە کۆلیژی هونەرەکانی دریسدن خوێندووە . بە شاعیرێکی ( دادا )ی دەناسرێ ، هەرچەندە ئەو شێوەیەکی پێدابوو بەوەی دژی بە سیاسەتکردنی دادا بوو.

**فلەیحە حەسەن**

**(1)**

# دڵ خەوێکی هەیە دەیارێزێ

وشەیەکم پێ بڵێ
پیتێکم پێ بڵێ ..!
هەندێکم لە پیتێک پێ بڵێ
ئەوی دی بۆ من لێ گەڕێ
لێکی دەدەمەوە ..
... ئەرێ
تاوانی بێدەنگبوون مەکە !
وام لێ بکەی ببم بە
بەساڵاچووترین
هەتیوی جیهان .

❊

وتی خۆشم و

بێدەنگ بوو
وەک بڵێی (د) دال
پیتێک بێ
بە بێدەنگییەوە بەسترابێتەوە ..
❊
دەزانم پیاوی دی هەن
لە تۆ میهرەبانتر و
لە چاوی تۆ ئەمینتر
لە تۆ زۆر شتی تر .....
بەڵام ...
بەلامەوە گرینگ نییە
گەردیلەی ئاو چەند بەندە
ئەوەی دەیزانم
من بێ ئاو ، لە تینوویەتییان
دەخنکێم ..
هەروا بەبێ تۆیش ..

(2)

# دوای چل ساڵ لە بەفر

ئەو ( سەعات )ەم لەبیرە
لە قەسیدەیەکەوە پێچرا بوو
پێشکێشت کردم
هێشتا بە مانامەوە پەیوەستە
هەر چرکەیەک
بەسەر کاتژمێرەکەیدا تێپەڕێ
پیتێک باز دەدا و
دەست بەسەر ترپەیەک
لە لێدانی دڵمدا دەگرێ ..
وای لێ هاتووە
غەزەلان بۆ خوێنبەرەکانم دەنێرێ ..
گەر شارەکەم
بە گۆڕ دەورە نەدرابووایە

چەندم حەز دەکرد
وەکو کچۆڵان
لە باخچەیەکی نهێنیدا
چاوەڕوانم کردبای

نزیک دەبمەوە ..
ئەو دوورکەوتنەوە ئەستوورەت لێ دادەماڵم
وەک باڵتۆکانی نێوجێرسی لە زستاندا

ئەو بەفرە بتوێنەوە
بەسەر ڕستەی نامەکانتا
کەڵەکە بووە ..!
ئەو گیایە ببڕەوە
بەسەر زمانتەوە شین بووە ..!
چ پێویستیم
بە ڕووباری فرمێسکەکانتە ؟
من ژنێک نیم بە کلکی ماسییەوە

بوونێکت لە وشە
بۆ دروست دەکەم
بملاوێنەوە !
لێم گەڕێ ئیتر
واز لە داواکردنی مافی ئافرەت بێنم
بە تامی پەنجەکانت داوای دەکەم
کە هەوڵ دەدەن
شیعری منیان خۆش بوێ ..
لێم گەڕێ جارێکی دی
خۆم هەڵخەڵەتێنم و
بە بنکەی گەردوونت ببینم .

---

***فلەیحە حەسەن** : شاعیریکی عیراقییە ، لە شاری ( نەجەف ) لە دایک بووە هەر لەوێش دەژی ، مامۆستایە لە یەکێک لە دواناوەندییەکانی کچان . ماستەری لە زمانی عەرەبیدا هەیە . تا ئێستا 4 کۆشیعری بڵاو کردووەتەوە . یەکێکە لەو ژنەشاعیرانەی تراژیدیا لە قەسیدەکانیدا ون نییە ،بۆیە هەندێ لە ڕەخنەگران بە شاعیری سەردەمی شەڕ ناوی دەهێنن .

## سەرچاوەی دەقەکان

---

★ **یۆرگۆس سیفێریس** (شیعر ، چەند ڕۆژێك لە حوزەیراندا ، مرۆڤ كە سێبەریان دزی ، فیلۆكتیتس ) لە (مختارات من اشعار سیفیرس – و. بشار عباس – بڵاوكردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری سوری – 2005

★**باروير سيفاك، بڕوانە:**
http aztagarabic.com/archives/2409://www.

★ **ئۆهانیس گریكۆریان:** عەرەبی هەردوو شیعرەكەی ( دیموكراسی و بە چرپە بدوێ ) بڕوانە :
http://www.almothaqaf.com/b/c3/9227921
http://www.almothaqaf.com/b/c3/904389-2

★ **ئاودیك ئیسحاقیان :** بۆ هەردوو شیعرەكەی ئیسحاقیان ( تفلیس و زیوریخ 1900 ) بڕوانە :
http://www.adab.com/world/modules.php?name=Sh3er&doWhat=shqas&qid=82187&r=&rc=1
http://www.adab.com/world/modules.php?name=Sh3er&doWhat=shqas&qid=82189&r=&rc=3

★ **فازڵ عەززاوی :** A-شیعری ( بەیانی باش خودایە ، لە مەملەكەتی هەزار و یەك شەوەدا ، كتێبی درۆیان ، قەسیدەی ئەگەر ، سۆزی (مەیسون)ی ژنی خەلیفە معاویە بۆ بیابان ، لە دیوەخانی حافیزی شیریازیدا ) لە (الاعمال الشعرية – بەشی دووەم – بڵاوكردنەوەی دار الجمل 2007) وەرگیراون.

B-بۆ هەردوو قەسیدەی (جیهان لە باشترین باریدا ) و ( شایەدی تاوان ) بڕوانە :
http://www.kikah.com/indexarabic.asp?fname=kikaharabic=5Ck53%5C2011-11-22%5C8.txt&storytitle%5Clive%

★ **مەناهل ئەلسەهەوی :** شیعرەكانی مناهل – لە سایتی گۆڤاری (كیكا)وە كراون بە كوردی . بڕوانە:
http://www.kikahmagazine.com/?p=5486

★ **بۆب دیلان :** بۆ شیعرەکەی دیلان بڕوانە:
http://www.almothaqaf.com/b/c3/920770

★ **عیزەت سارایلتچ** بڕوانە :
http://www.almothaqaf.com/b/c3/920770

★ **زایۆ هوایۆ :** بۆ دەقی شیعرەکانی هوایۆ بڕوانە : سایتی گۆڤاری کیکا
http://www.kikahmagazine.com/?p=5975

★ **جەمال سوڕەییا** بۆ دەقی ئەم شیعرەکانی بڕوانە :.
https://www.dorar-aliraq.net/threads/723259-%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8%A7%D8%B9%D8%B1-%D8%AC%D9%85%D8%A7%D9%84-%D8%AB%D8%B1%D9%8A%D8%A7

★ **ولیەم بیتلر یێتس** بۆ شیعرەکەی یێتس بڕوانە : سایتی adab.com

★ **ئارسەر رامبۆ :** بۆ دەقی عەرەبی شیعرەکانی ڕامبۆ بڕوانە :
http://www.alnoor.se/article.asp?id=25158

★ **قاسم سعوودی:** بۆ دەقی شیعرەکانی قاسم سعوودی تەماشای کۆشیعری ( الصعود على ظهر أبي ) بلاوکردنەوەی دەزگای (العنوان) بۆ بلاوکردنەوە چاپی یەکەم – 2016 بکە.

★ **یان لی:** بڕوانە سایتی adab.com

★ **ئەلیکسەندەر پووشکین :** بۆ دەقی شیعرەکەی پووشکین بڕوانە :
http://www.adab.com/world/modules.php?name=Sh3er&doWhat=shqas&qid=82167&r=&rc

★ **عەلاء ئەلعەببادی :** دەقی هەردوو شیعری ئەلعەببادی بڕوانە :
http://www.alebady.com/category/%d8%a7%d9%84%d8%b9%d9%84%d8%a7%d8%a6%d9%8a%d8%a7%d8%aa/%d8%a7%d9%84%d8%b4%d8%b9%d8%b1-%d8%a7%d9%84%d8%ad%d8%b1-%d8%a7%d9%84%d8%b9%d9%84%d8%a7%d8%a6%d9%8a%d8%a7%d8%

http://www.alebady.com/2014/11/%D9%82%D8%B5%D9%8A%D8%AF%D8_%A9-%D9%8A%D8%A7%D8%B1%D8%A8-%D9%84%D8%A7%D8%A8%D8%AF%D9%8A%D9%84-%D8%B9%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D9%86%D8%AF%D9%82%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%8A%D8%B3-%D9%83%D8%B0/

★ **ڕوشتو ئونور :** بۆ شیعرەکانی شاعیری تورك ، روشتو ئونور بڕوانە سایتی گۆڤاری (کیکا) :

http://www.kikahmagazine.com/?p=4952

★ بۆ دەقی عەرەبی شیعرە ئیرۆتیکییەکانی چین بڕوانە :

http://www.jehat.com/ar/KheyanatThahabeya/poet/Pages/10-6-09-1.aspx

★ **ریچارد هۆلزنیك** بڕوانە : گۆڤاری ( الشعر 69 ) ژمارە 3 تەمموزی 1969 چاپخانەی دەزگای ( الجمهورية ) بەغدا .

★ **کو ئوەن :** بۆ دەقی شیعرەکەی ئوەن بڕوانە :

http://www.poetryletters.com/mag/%d9%82%d8%b5%d8%a7%d8%a6%d8%af-%d9%85%d8%aa%d8%b1%d8%ac%d9%85%d8%a9/%d8%b4%d9%90%d8%b9%d8%b1%d9%8c-/%d9%85%d8%aa%d8%b1%d9%88%d9%83

★ **کۆرت شویتەرز** بۆ دەقەکانی شویتەرز بڕوانە :

http://elaph.com/Web/Culture/2010/4/550176.html

★ **عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی** : شیعرەکانی (بەیاتی) لە دەقی ئەسڵی ئەم سەرچاوانەوە کراون بە کوردی :

1- (مەرگ لە بسفۆر)دا لە کۆشیعری ( سيرة ذاتية لسارق النار ) بڵاوکردنەوەی (دار الشروق) چاپی دووەم 1985 . ل60 .

2- ( ڕۆژ ژمێری عاشقە هەژارەکان ) لە کۆشیعری (قصائد حب على بوابات العالم السبع) بڵاوکردنەوەی ( دار الشروق ) ، 1985 چاپی دووەم ، ل 28 . ( مانگی شیراز ) لە کۆشیعری ( قمر شيراز ) بڕوانە:

http://www.alriyadh.com/52342

شیعری ( بۆ ئیرنێست هەمەنگوای ) بڕوانە :

http://www.afdhl.com/poem/text-25311.html

★ **لویس ئاراگۆن** بۆ شیعرەی ئاراگۆن ( ئێلزا لەبەر ئاوێنەدا ) بڕوانە : (adab.com)

★ بۆ شیعرەکانی (فللەیحە حەسەن) بڕوانە :

1- http://elaph.com/Web/Culture/2018/08/1214271.html
2- http://www.alnoor.se/article.asp?id=68183

هەوڵە چاپکراوەکانی



## 1) لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا

- ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد1984،بەناوی خوازراوی (پاکزاد محمد کریم)،چاپکردن وبڵاوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ( لەشاخ )

- چاپی دووەم بەناوی سەریح ، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین1991.

- پرۆژەیەك بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە کوردی - لێکۆڵینەوە - گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بەغدا ، پایزی1986.
- هەڵەی چاپ ، ئەمڕۆ و ئاسۆی دوارۆژ - لێکۆڵینەوە - بە دوو بەش ، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا 1988
- وێنە و کاریکاتێر و تایپۆگرافیا و بەکارهێنانیان لەڕۆژنامەگەریی کوردیدا - لێکۆڵینەوە - بە سێ بەش، گۆڤاری (کاروان ژمارە 85و86و87)ی1990.
- برایەتی: یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا. لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیا

- چاپی یەکەم گۆڤاری(یەکگرتن) - هەندەران (دانیمارك ) ، چاپی دووەم چاپخانەی خەبات1991. چاپی سێیەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر 1997.

- ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان( ئاداک ADAK) پرۆژەی دامەزراندن وبەڕێوەبردن - لێکۆڵینەوە - ڕۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە1993،

چاپی یەکەم بە کتێب هەولێر1993، چاپی دووەم بەکتێب چاپخانەی خەبات دهۆک1997، چاپی سێیەم هەولێر2005.

- درەختی بنکۆڵ کراو: پەنجەنمایێکی ڕۆژنامەنووسییانە بۆ باری ڕووناکبیری وکلتووری کوردی
  - چاپی یەکەم کوردستان1995،
  چاپی دووەم سوید1996،
  چاپی سێیەم ـ هەولێر2006.
- ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا، وتار لە بارەی ڕۆژنامەنووسییەوە ، چاپی یەکەم هەولێر ـ کوردستان2005.
- ڕۆژنامەگەریی کوردی ـ چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنیك و هونەرەکانی ، چاپی یەکەم هەولێر1999،
  چاپی دووەم 2006.
- شار لە هەڵبوون وکوژانەوەیدا ـ وتاری ڕۆژنامەنووسیی چاپی یەکەم2005.
- میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا – 2017

## 2) شیعر

- ئەوشەوانەی خەوم نایێ : چاپخانەی (النعمان)نەجەف ـ1977
- تاڤگەی مەند. چاپخانەی (شفیق) بەغدا ـ 1987.
- چەندکۆتەڵێکی جەنازەیی: چاپی ئیتاڵیا 1994 ،
  چاپی کوردستان دهۆك 1995.
- هەندێ لەوشوێن پێیانەی بەسەرشەختەدا مابوونەوە ـ چاپی یەکەم کوردستان 2005.
- تاڤگەی مەندوئەوانیتر ـ کۆی 4 کۆشیعر پێکەوە ـ چاپی یەکەم کوردستان2005.

- بەو ڕێیانەدا تێپەریم لەو کانییانەم خواردەوە ـ چاپی یەکەم2010.
- ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوو ـ چاپی یەکەم 2015.
- کەویە بەفرەکانی دۆزەخ ـ چاپی یەکەم کوردستان 2016
- تەلارساز و هەندێ لە زیندەخەونەکانی .. ـ چاپی یەکەم 2018

## 3) لەبواری وەرگێڕاندا

- نووستوی بەرباران: شیعرلەفارسییەوە ـ چاپی یەکەم بەغدا 1980 ، چاپی دووەم بەزیادکراوییەوە ـ هەولێر۔ کوردستان 2005.
- ڕێگاوبان ، پێنج چیرۆکی درێژ و شانۆنامەیەك لەنیکۆلای خایتۆفەوە ـ چاپی یەکەم،چاپخانەی (الحوادث) بەغدا 1983، چاپی دووەم هەولێر ـ دەزگای موکریانی 2005
- سەرەتایێك بۆتێگەیشتنی هونەری شێوەکاری. چاپی یەکەم چاپخانەی(حسام) بەغدا 1986.
- چاپی دووەم ـ هەولێر۔ دەزگای موکریانی2005.چاپی سێیەم ـ هەولێر2015.
- چەندنامەیەك بۆ تارانتابابۆ: نازم حیکمەت ، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە.چاپی یەکەم ـ چاپخانەی (الزمان)بەغدا 1990 ،چاپی دووەم ـ سوید ـ کتیبخانەی ئەرزان. چاپی سێیەم کوردستان 2005.
- دایکی کورد ـ دانیێل میتران وەرگێڕان لەعەرەبییەوە،چاپی یەکەم 1996،
چاپی دووەم 2011.
- شوانی بۆشایی ـ شیعر ، چاپی یەکەم ـ کوردستان 2010.
- سترانبێژی شەقام ـ شیعر ـ چاپی یەکەم 2018
- خەونمان بۆ زستان دی ـ شیعر ـ چاپی یەکەم 2018

## 4) پیشانگاکانی کۆلاژ ـ ناوەرۆکی 5 پیشانگا

- پایزی چاوەکان ، کۆلاژ لەتاراوگەی شیعردا وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ هەولێر1998
- چاوەکان هەمیشە چاوەکان، کلاوڕۆژنەیەك لەشەختەدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری 1999
- دیسان چاوەکان ـ چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری 2005.
- شرفه ـ بەزمانی عەرەبی ، چاپی یەکەم چاپخانەی خەبات دهۆك 1998چاپی دووەم بەکوردی بەناوی ( گەمەشاراوەکانی با ) ، بەوەرگێڕانی نەجات حەمید ئەحمەد وپێداچوونەوەی نووسەر 2008.
- ساوی شتان لەفۆتۆگراف دا ، چاپی یەکەم 2008 .
- هونەری کۆلاژ – مێژوو .. تەکنیك .. ئەزموون – چاپی یەکەم کوردستان 2018
- دیدار لەبارەی شیعر و ڕۆژنامەنووسییەوە ـ چاپی یەکەم 2018
- بێجگە لە دەیان شیعری وەرگێڕدراو و نووسینی دیکە لەکات وشوێنی جیاجیادا بەکوردی و عەرەبی .

●

# We
# Dreamed
# for
# Winter

## A Collection of World Poetry Translated into Kurdish

by :

**Nazhad A. Surme**

*First edition*
*Kurdistan – 2018*

# We Dreamed for Winter
## *A Collection of World Poetry Translated into Kurdish*

**by :**

**Nazhad A. Surme**

*First edition*
*Kurdistan - 2018*

